# راگەیاندراوێک بۆ رای گشتی کوردستانی
# وە
# پرۆژەیەکیش بۆ ساڕێژکردنی زامەکان

-------------------------------------------

## با چیتر زامەکانمان بە مێژوو نەسپێرین

بۆ ئەوەی داهاتوومان گەشەدارتر بێت،
دەبێ بە بوێری و ئیرادەوە دەست بۆ نەشتەرگەری و
ساڕێژکردنی زامەکانمان ببەین.

٢٠٢٠/١١/١٥

**کوردستانیانی هێژا سڵاوێکی گەرمتان لێبێت،**

هێژایان،

بەر لە ماوەیەک (لە سەرەتاکانی مانگی ئۆکتۆبەر) پرۆژەیەکمان بە ناوی "**هاوارێکی دیکە: لە پێناو گەڕانەوەیەکی شکۆمەندانە لە هەڵدێر**" ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی بەرەی گۆڕانخوازان (سێگۆشەی: أ- بزووتنەوەی گۆڕان؛ ب- میراتگرانی رەوانشاد نەوشیروان مستەفا؛ ج- گۆڕانخوازە ناڕازییەکان) کرد. ئامانجی پرۆژەکە "گیان بەبەرکردنەوەی" بەرەی گۆڕانخوازی و چاکسازیخوازی بوو، وەک **باشترین بژاردە بۆ تێپەراندنی ئەم دۆخە ناهەموارەی کە باشوری کوردستانی تیایە**. دوای ماوەیەک لە چاوەڕوانی و کار و کاردانەوە، بە باشمان زانی پرۆژەکە لە **پانتایی رای گشتی کوردستانیدا** رابگەیەنین.

**هەڵبەتە پرۆژەکە دوای کۆتایی ئەم راگەیاندراوە، وەک خۆی، دەکەوێتە بەر دیدی بەڕێزتان.**
**ئەم راگەیاندراوە لە ١٥ لاپەرە پێکهاتووە؛ پرۆژەکەش لە لاپەڕەی (١٧)ەوە دەست پێدەکات.**

## مەبەست لە راگەیاندنی پرۆژەکە بۆ رای گشتی

١) دەکرێ هەندێک لەو بەڕێزانەی کە پێویست بوو هەر لە سەرەتادا پرۆژەکەیان بەدەست بگات، تا ئێستا بە دەستیان نەگەیشتبێت، بەڵام بەم شێوەیە بە ئاسانی بە دەستیان بگات؛

٢) لە پێناو بەدەستهێنانی پشتگیری زیاتر بۆ پرۆژەکە لە پانتایی و فەزای گشتی هەرە فراواندا، پێویست بوو بەم شێوەیە بڵاوببێتەوە؛

٣) راستە مەبەستی سەرەکی ئەم پرۆژەیە هەوڵە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناو پانتایی هەرە فراوانی بەرەی گۆڕانخوازان، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە ئەم پرۆژەیە دەربڕی خەمێکی نیشتمانی هەرە فراوانە و ئومێدیش دەکەین کە ئەم پرۆژەیە، لە حاڵەتی سەرکەوتنیدا، خزمەتێک بێت بە بەهێزکردنی شێوازێک لە "کەلتوری سیاسی" کە دواجار ئەم کەلتورە سیاسییە ببێت بەو بەهایەی کە بە نەوەی ئێستا و داهاتوی نیشتمان بڵێت: بەسە ئیتر با کۆتایی بە کەلتوری بەنجکردنی زامەکان، نادیدەگرتنیان (وەک ئەوەی بوونیان نەبێت) یا سوڕانەوە لێیان و بازدان بەسەریاندا، بێنین، بە باوەڕی ئەوەی کە: کورد بە جەستەیەکی پڕ لە زامەوە ناتوانی بەرەنگاربوونەوەیەکی پڕ بە پێست و پێویست بەرامبەر داگیرکاران بکات و بەو جەستە زامدارەشەوە ناتوانێ خاوەنی دەسەڵاتێکی تەندروست و کەلتورێکی سیاسی تەندروست بێت! مێژووش پێمان دەڵێ کە داگیرکارانی کوردستان بە درێژایی مێژوو توانیویانە لە رێگای "ئەم زامانەوە" ژەهر بڕێژنە ناو قوڵایی جەستەی کورد!

لەم راگەیاندراوەدا بە شێوازی "ئێمە" لە بری "من" قسەتان لەگەڵ دەکەین، ئەگەر چی پرۆژەکە لەسەرەتا لە لایەن (بورهان أ. یاسین)ەوە نووسراوە. دەڵێن ئێمە، چونکە دوای گەیشتنی

پرۆژەکە بە دەستی لایەنە پەیوەندیدارەکانی "بەرەی گۆڕانخوازی،" خەڵکانێکی زۆر پشتگیریان لە پرۆژەکە کردووە و تەنانەت هەندێکیشیان بە بیر و بۆچوونەکانیان یارمەتی زۆری نووسەری پرۆژەکەیان داوە. . . زۆر بە تایبەتی بەڕێز کاک ئاکۆ وەهبی، کە لە خودی بەرهەمهێنانی پرۆژەکە بەشدارە، رۆڵێکی گرنگی بینیوە لە فەراهەمکردنی کردارانەی دایەلۆگە خوازراوەکەی نێوان پێکهاتەکانی ناو ئەو بەرەیە.

## کورد و زامە کوشندەکان: مێژوویکی تەنیو بە زام

گومانی تیا نییە زۆرێک لە ئێوە ئاشنان بە قسەیەکی مەسعود بارزانی (سەرۆکی پارتی) کاتێک بە رستەیەک باس لە **تراژیدیای کوردی** دەکات بەڵام لە هەمان کاتیشدا **بەو تراژیدیایەش پێدەکەنێ**. ئەو دەڵێ: "**ئەگەر پێمان بڵێن پردێک بڕوخێنن ئەوا پێیان دەڵێین ئاسانە، بەڵام ئەگەر پێمان بڵێن پردێک دروست بکەن، ئەوا پێیان دەڵێین بە داخەوە نازانین**."

جا ئێمەش دەڵێین، لە چەند سەد ساڵ (بە تایبەتی لە سەد ساڵ)ی رابردوودا، کورد جار دوای جار پیشانی داوە کە بە ئاسانی دەتوانێ **برین لە جەستە شەکەت و زامدارەکەی خۆی بکاتەوە**، بەڵام کە داوا هەر لەو کوردە دەکەیت وەرە با یەکەوە هەوڵ بدەین ئەو هەموو برینە، **تەنانەت بۆ یەکجار و تەنها یەکێکیش لەو برینانە**، سارێژ بکەین ئەوا پێت دەڵێ: "جا کەی ئەمە کاری کردەیە، برین بە و ئاسانییە سارێژ ناکرێ". . .!

هەر لە چوارچێوەی ئەم لۆژیکەدا، ئێمە، لە ئاوڕدانەوەیەکی زۆر بە پەلە لە مێژووی خۆمان، دەتوانین بڵێین: ئەگەر ئێمەی کورد چارەسەرێکی ریشەیی و حەکیمانەمان بۆ زام و برینەکانی ١٩٦٠کانی جەستەی سیاسی باشوری کوردستان بکردایە، ئەوا بە ئەگەری زۆر پێویستیمان بەوە نەدەبوو بە دوو جولانەوەی، نەک جیاواز لە یەک بەڵکو دژ بە یەک، لە دوای نسکۆکەی١٩٧٥ "هەڵسینەوە" وە دواتر پێویستیمان بە تراژیدیا کوردکوژیەکەی هەکاری (١٩٧٧) نەدەبوو. . . ئەگەر برینی هەکاریش بە شێوەیەکی راستەقینە و راستگۆییانە چارەسەر بکردایە دەکرێ پێویستیمان بە شەڕە خۆکوژیەکەی ١٩٩٠کان نەبوایە و . . . هتد. لە راستیدا نەک هەر ئەمە، بەڵکو کاریگەرییە نەرێنییەکانی تراژیدیای هەکاری برینی قوڵی لە جەستەی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستانیش کردۆتەوە: چۆن هەکاری بووە ئەو رووداوەی کە ئیدی دژایەتی لە باشوری کوردستانی لە نێوان بوو بەرەی دژ بە یەک تا سەر یەسقان قوڵتر کردەوە، ئەوا بە هەمان شێوەی حاڵەت لەتبوون و پەرتبوونی لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش قولتر کردەوە: لە نێوان لایەنگرانی پارتی لە لایەک وە لایەنگرانی یەکێتی لە لایەکی دیکەوە.

لێرەدا گرنگە ئەوە بڵێین، بە راستی مەلا مستەفا بارزانی دەرفەتێکی زێڕینی لە دەست خۆی، ناسیۆنالیزمی کوردی و هەموو کوردستان دا کاتێک نەیتوانی بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بکاتە ئامراز و هەوێنی سارێژکردنی برینەکەی ١٩٦٠کان. بارزانی ئەیتوانی بەڕێز و شایستەییەوە

پێشوازی لە ئیبراهیم ئەحمەد، مام جەلال و هاورێکانیان بکات وە پێیان بڵێ ئێوە وەک هەر کوردێک خاوەنی ئەم دەستەکوتەن وە ئێوە لە ئێستاوە سەرپشکن و خاوەن پێگە و رۆڵی هەرە شایستەن لە جێبەجێکردنی بەیاننامەکە. لە بری ئەمە، سیاسەتێکی پێچەوانەی پیادە کرد کە بووە هۆی ئەوەی هەر زوو ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال، کوردستان بەرەو هەندەران جێ بهێڵن. جگە لەوەش، تەنانەت هەندێک لە هاورێکانیان هەر لە بەغدا مانەوە و نەگەڕانەوە کوردستان. . . کەواتە، ئەگەر بەیاننامەی ١١ی ئازار ببایەتە هەوێنی تیمارکردنی زامی ١٩٦٠کان، ئەوا دەکرا ئەو بەیاننامەیە ببێتە دەسکەوتێکی زۆر گەورەتر و دەشبوو بە "ئەزموون و **وانەیەکی زۆر گرنگ**" لە "**کەلتوری سیاسی سارێژکردن**،" بە تایبەتی بۆ نەوەکانی دواتر. . .

جگە لەمەش، هەر لەبەر ئەوەی کە برینەکەی شەڕی خۆکوژیەکەی ١٩٩٠کان لە بنەڕەت و دڵسۆزانە سارێژ نەکرا، ئەوا بە درێژایی ٢٢ ساڵی رابردوو (واتە دوای کۆتایی ئەو شەڕە لە ١٩٩٨، بە فشاری ئەمریکا، نەک بە حیکمەت و دڵسۆزیی بەرپرسانی کورد) باشوری کوردستان بەردەوام لە تارمایی و دڵەڕاوکێی شەڕی براکوژی و خۆکوژیدا ژیاوە. ئەوەتا سەرۆکی حکومەت ماوەیەک بەر لە ئێستا، لە کاتی ئامادەبوونی لە پەرلەمانی کوردستان، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ "**کارتی فشاری دەروونی**" نوێبوونەوەی شەڕی براکوژی لە بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان بەکار دەبات. بە قسەی مەسرور بارزانی، حکومەتەکەی ئەو ناتوانێ دەست بۆ هەندێک جۆر لە چاکسازی ببات "**لە ترسی سەرهەڵدانەوەی شەڕی براکوژی**." کەواتە شەڕی براکوژیەکەی ١٩٩٠کان تا ئێستاش چارەسەر نەکراوە بەڵکو بە "**بەنجێکی کاتیی**" و بە پێی بەرژەوەندییەکانی یەکێتی و پارتی "سڕ" کراوە و هیچی دیکە. . . ئەوەتا هەر مەسرور بارزانی لە سێ ساڵەی رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر دەڵێ "١٦ی ئۆکتۆبەر زامێکی لەبیرنەکراوە." بە واتایەکی دیکە ١٦ی ئۆکتۆبەر وەک "**برین و زام**" لە پەیوەندییەکانی پارتی و یەکێتیدا، وە لە جەستە و پانتایی سیاسی باشوری کوردستاندا بە گشتی، نەک هەر سارێژ نەکراوە، بەڵکو هەر جارێک لە سەروبەندی ١٦ی ئۆکتەبردا، هەر وەک ئەمساڵ روویدا، دۆخی دەروونی ململانێی پارتی و یەکێتی تا لێواری بەرپابوونی ئاگری شەڕی برا کوژیی دەڕوا، خەڵکی کوردستانیش **دەستیان لەسەر دڵیانە لە چاوەڕوانی ئەم سیناریۆیەدا!**

ئاخر ئەگەر سەرکردە و بەرپرسێکی ئەم وڵاتە بە راستی و راستگۆیی خۆی بە دڵسۆزی وڵات بزانێ ئەوا دەبێ هەر زوو بە پێداگریەوە بیوتایە: خوشکینە، براینە بوەستن، **راستە ١٦ی ئۆکتۆبەر زامێک بوو، بەڵام ئەم زامە قابیلی چارەسەرە و ئێمەش بە بریارین ئەم زامە چارەسەر بکەین**. نە مەسعود بارزانی، نە مەسرور بارزانی و نە . . . هتد، تا ئێستا تەنانەت زەررەیەکیش نزیک نەبوونەتەوە لە گوتاری سارێژکردن. نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئەوان تەنانەت پێویستیشیان بەو زامەیە بۆ ئەوەی **هەست و نەست و غەریزە شەڕانگێزییەکەی خۆیان و لایەنگرانیان پێ** ختوکە بدەن!

ئەمڕۆش باشوری کوردستان، بە هۆی ئەم هەموو زامە ناسارپێژکراوەی نێوان یەکێتی و پارتی (کە دایکی هەمووشیان زامەکەی ١٩٦٠کانە) ئێستاش، تەنانەت کە ٢٠ ساڵیشی لە سەدەی ٢١یشدا بەڕێکردووە، هێشتان هەر بارمتەی دەستی "قەدەری" ئەو مێژووەیە کە ئێمە پێی دەڵێین "زامی ١٩٦٠کانی ناو قوڵایی ناسیۆنالیزم و جەستەی سیاسی باشوری کوردستان."

ئەمڕۆش جارێکی دیکە لە هەموو لایەکەوە زەنگی مەترسی و دڵەڕاوکێ لێدەدرێ لە سەرهەڵدانەوەی شەڕی کورد کوژی نێوان پارتی و یەکەکە. لەگەڵ ئەوەشی ئێرە جێگای لەبار نییە زۆر لەسەر ئەم سیناریۆیە بووەستین، کە ئێمە پێمان وایە لەگەڵ زێدە بوونی فشاری قەیرانی دەرونی و گەیشتن بە بنبەست لەگەڵ بەغدا دەکرێ بە شێوەیەکی مەترسیدار لەو شەڕە نزیک ببینەوە: چونکە لەم دۆخەدا پارتی زیتر دەکەوێتە ژێر کاریگەری "بژاردەی نزیک بوونەوەی زیتر لە تورکیا،" کە دیارە باجەکەشی نزیکبوونەوەی هاوتەریبە لە گەیشتن بە خاڵی تەقینەوە لەگەڵ یەکەکە!

**دەرەنجام:** لەبەر ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری برین و زامەکانی مێژوو تا ئێستا بەبێ سارپێژکراوی ماونەتەوە، ئەوا دەبێ ئەو راستییە قەبوڵ بکەین کە کورد ناتوانێ بە جستەیەکی "پڕاو پڕ لە زام و برینەوە، واتە بە جەستەیەکی شەکەت و ماندووەوە" لە **خەباتێکی سەختی نابەرامبەر و ناهاوتا لەگەڵ دوژمنەکانیدا برەوە بێت!**[1] لەو جێگایەشی کە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، وەک باشوری کوردستان، دەسەڵاتەکەی شەکەت، کلۆڵ، لەتەلەت و پڕ لە زامە.

جا با ئێمە، هەر نەبێ بۆ جارێکیش، بگەڕێینەوە و بە بڕیارەوە بڵێین: ئێمە نابێ پشت لە برین و زامەکانمان بکەین، نابێ مێژوویێکی بریندار دوای خۆمان بۆ نەوەی داهاتوو بەجێ بهێڵین، با هەر نەبێ بۆ جارێک رومان لە برینەکانمان بێت، نەک بێباکانە پشت لە برین و زامەکانمان بکەین، لەو لاشەوە وا بزانین "بە ئەو پشتکردنە" ئیتر توانیومانە لە زامەکان رزگارمان دەبێت. . .

[1] بە نیگایەکی بە پەلە لە دۆخی رۆژهەڵاتی کوردستان، دەکرێ بپرسین ئایا بۆ، کەم یا زۆر، ١٤ ساڵە هەردوو حزبە دیمۆکراتەکەی رۆژهەڵاتی کوردستان **خوێنی ململانێی و ناکۆکی "براکانیان" لێدەچۆڕێ** وە لەو رێگایەشەوە رۆژهەڵاتی کوردستان وە دۆزی کورد لەو بەشەی کوردستان توشی خوێن بەربوونێکی کوشندە و بێ کۆتایی بووە، لە کاتێکدا ئەم دوو حزبە هەردووکیان "دیمۆکراتیین،" "کوردستانین،" رەمزە مێژووییەکانیان (پێشەوا و قاسملۆ و . . .) یەکن، شانازیەکانیان یەکن و هەردووکیان بە یەکەوە، واتە تا ئەو کاتەی بەر لە پەرتبوون و لەتبوون، خاوەنی لەشکرێک لە شەهید و قوربانی بوون، دوژمنێکی دڵڕەقی داگیرکاری هاوبەشیان هەیە، دروشمی سیاسی و ستراتیژیان یەکە؛ ئەی ئەم زامە بۆ، ئەم هەموو خوێن بەربوونە بۆ، ئەم. . . هتد بۆ؟ ئایا بەڕاستی سارپێژکردنی ئەم زامە ئەوەندە ئەستەمە، وە ئەم هەموو ساڵە بۆ سارپێژ و چارەسەرنەکراوە؟ دیارە، بە هەر حاڵ، بێ سێ و دوو رۆژهەڵاتی کوردستانیش هەر وەک بەشەکانی دیکەی کوردستانی مەزن، پێویستییێکی هەنوکەیی و حاشاهەڵنەگری بە "کەلتوری سیاسی سارپێژکردنی برینەکان" هەیە؟

به هەر حاڵ دەكرێ خواست و ئیرادەی چارەسەركردنی برینەكان ناو بنێین "پارادایمی كورد لە سەدەی بیست و یەكدا"! روحی ئەم پارادایمە بریتییە لە چەكداربوونی كورد بە میتود، لێزانین، كۆد و ئامرازەكانی "كەلتوری سیاسی سارێژكردنی زامەكان." ئەم پارادایمە دەبێ بە هەر حاڵ لە خاڵ و ئەزموونێكەوە دەست پێ بكات، وەک هەنگاوی یەكەم.

## با هەوڵی سارێژكردنی زامەكان بدەین، تەنانەت گەر بۆ جارێكیش بێت

تا ئێرە سەرەتایەكی پێویست بوو بۆ ئەوەی بچینە ناو ناوەڕۆک و رۆحی پڕۆژەكە، واتە زامەكانی بزاڤ و بەرەی گۆڕانخوزی و زەرورەتی سارێژكردنیان، وە دوای ئەو سارێژكردنە هەڵسانەوە و هەنگاو هەڵێنان بەرەو داهاتوێكی گەشتر. . .

كاتێک گۆڕان سەریهەڵدا، خەڵكێكی زۆر پێیان وابوو كە ئەمە یەكەمجار بوو (دوای راپەڕینەكەی ١٩٩١) هەست دەكرا هێزێک دروست ببێ باس لە تیمار و سارێژی برینەكان دەكات، زۆر بە تایبەتی جەختكردنەوەی ئەم بزاڤە لەسەر **خەباتی مەدەنی** و بە دووركرتن لە "زمانی زەبر و زەنگ." تەنەنات لەژێر بارێكی دەرونی ناهەمواریشدا، واتە بە پەیوەندی لەگەڵ رووداوەكانی ١٢ی ئۆكتۆبەری ٢٠١٥، بزاڤەكە ئەوەی قەبوڵ نەبوو بچێتە ژێر باری پڕ چەككردنی خۆی. . . لە راستیدا گوتاری بزاڤەكە لە بەشەكانی دیكەی كوردستانیش پشتگیرێكی زۆری هەبوو، لەسەر ئەو باوەڕەی كە ئەو گوتارە چەندە بە كەڵكی باشوری كوردستان دێت، ئەوەندە و زیاتریش بە كەڵكی بەشەكانی دیكەی كوردستان دێت. ئەم شێوازی تێگەیشتنە لە گوتاری گۆڕان بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی كوردستان رەنگدانەوەیەكی حاشاهەڵنەگری هەبوو. . . بەڵام ئەوەتا دوای ١٠ یا ١١ ساڵ خەریكە گۆڕان خۆیشی دەبێتە برینێكی دیكە لە جەستەی شەكەت و ماندووی كورددا، **تەنانەت دەكرێ بڵێین دەمێیشكە بووە بە زامێكی دیكە.** . .

لەگەڵ ئەوەشدا، دەكرێ لە ئێستادا بڵێین گۆڕان و **بەرە هەرە فراوانەكەی گۆڕانخوازی و چاكسازیخوازی،** لەگەڵ ئەو زامدارییەشیدا هێشتان هەر دوا هیوایە! ئەم بوونەوەرە (واتە **بەرەی گۆڕانخوازی**) دەبێ تیمار بكرێ و نابێ بە دەردی برینەكانی دیكەی جەستەی مرۆڤی كورد بڕوا، واتە نابێ ببێتە برینێكی ئەزەلی ناسارێژكراو!

تیماركردنی گۆڕان بۆ و لە پێناو چیدا؟ دەكرێ وەڵامی ئەم پرسیارە فرەڕەهەند و فرەگۆشە بێت، بەڵام ئێمە لەم خاڵانەدا وەڵامی پرسیارەكە دەستنیشان دەكەین:

١) گەڕاندنەوە و پاراستنی جوانیەكانی دوێنێی ئەم بەرەیە، بەم پێیەش گەڕاندنەوەی مانا بۆ مێژووی دوێنێ، بۆ ئەوەی زامەكانی ئەمرۆ "دوێنێمان لێ خاڵینەكاتەوە لە جوانییەكان، دوێنێمان نەكوژن"؛

٢) گەڕانەوەی جوانی و شانازییەكانی دوێنێ ئەو بەرەیە، متمانە و باوەڕ بە خۆبوون بە ئەمرۆمان دەبەخشێت، لە پێناو بەدەستهێنانی جوانیی زێتر؛

٣) ئەم تیمارکردنە زۆریش لە پێناو سبەینێدایە: ئاخر ئێمە لەوە دەترسین نەوەی سبەینێ هیچ شتێک، لەو مێژووەی کە لە ٣٠ ساڵی رابردوودا لە دروستکردندا بووە، نەدۆزێتەوە کە بۆ شانازی بشێ؛ هیچ بەشێکیش لەو جەستەی کوردە بە ساغی بۆ ئەو نەوەیە نەمابێتەوە بە کەڵکی سیاسەتکردنێکی تەندروست بێت. بە سادەیی و راشکاویەوە: هەر بەشێک لەو جەستەیە کە دەستی بۆ دەبەیت بیمار و زامدارە و. . . هتد. بەم واتایەش، راستە سارێژکردنی برینی بەرەی گۆڕانخواز لە ئەمڕۆدا باسە لە سارێژکردنی پانتاییکی سنووردار لەو جەستە زامدارە، بەڵام بۆ نەوەی داهاتوو ئەم سارێژە دەبێتە ئەزموونێک لە تەواوی پانتایی کوردستان وەک ئەزموون سەرکەوتو و وانەیەک لە سارێژکردنی برینەکان!

٤) ئەم سارێژکردنە، وەک ئەزموون، بە کەڵکی بژاقی سیاسی لە هەموو پارچەکانی کوردستانی مەزن بە کەڵکە، وە دەکرێ ببێ بە نیشاندەری شارێگای "کەلتوری سیاسی سارێژکردنی زامەکان" کە لە تەواوی پانتایی کوردستان پێویستیمان پێیەتی!

## ئەم دارمانە پێویستی بە وەستاندنە. . .

هەر وەک ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستا بە یەکێک لە سەرکردەکانی گۆڕانمان وت، ئایا بە راستی دەتانەوێت **سبەینێ پەشیمانی ئەمڕۆ ببنەوە،** بەو مانایەی **بڵێن دوێنێمان لەبەر دەست بوو بەڵام داخەکەمان لە دەستمان دا،** خۆزیا دوێنێ گەڕابایەتەوە و شتێکی دیکەمان بکردایە لەوەی کە کردوومانە؟ پێمان وت، ئەمڕۆتان لەبەردەستە تکایە ئەمڕۆ ئیرادە و بریاری گەورە و بوێریی پێویستە. . . دوو دڵی مەکەن، **ئەگەرنا لە سبەینێدا زۆر درەنگ دەکەون!**

نابێ سبەینێ، هەر وەک چۆن شیعە بۆ لەدەستدانی حوسەین، بەردەوام بە چەقۆ، زنجیر و هەرچی هەیە لەخۆیان ئەدەن و ئەڵێن داخەکەمان پێوسیت بوو ئەوێ رۆژێ پشتگیری حوسەینمان بکردایە، حوسەینمان بپاراستایە بۆ ئەوەی حوسەین بەو دەردە نەچووایە، بە هەمان شێوە گۆڕانخوازان لە ئەمڕۆدا لێگەڕێن نەوشیروان مستەفا وەک حوسەینی شیعەی بەسەر بێت: نەوشەروانیش **لە جیاتی یاخیبوییێک لە دەسەڵاتی گەندەل و حەکیمێک بۆ تیماری جەستەی بیماری کورد، هەر خۆی ببێ بە برینێکی دیکەی ناسارێژکرا** و بکەوێتە پاڵ ئەو هەموو زامانەی دیکەی جەستەی کورد. . . ئەم سیناریۆیە زۆر مەترسیدارە: نابێ روو بدات!

نابێ گۆڕانخوازان، بە نارازی و ئەوانی دیکەوە و واریسانی نەوشیروان مستەفا لێ بگەرێین **نەوشیروان لە حەکیمێکەوە، کە هاتبوو بۆ سارێژکردنی برینەکان، دواجار خۆی ببێ بە برینێکی دیکەی ئەزەلی.** ئەگەریش روویدا ئەوا بێگومان ئەمە نەک هەر لەسەر بەرەی گۆڕانخوازی، بەڵکو لەسەر کورد بە گشتی زۆر دەکەوێ. جگە لەوەش هەروەک لە پڕۆژەکەدا نووسیومانە: "لە ئەمڕۆدا کاک نەوشیروان خەریکە لە شاخێکی پڕ لە بەخشش، مەتین، جێگیر، داهێنان و شاخێک لە مێژوو، دەبێت بە شاخێکی بەفرین کە رۆژانە بە پێش چاوی گۆڕانخوازانەوە دەتاوێتەوە. . ." لە لایەکی

دیکەوە، هەموو ئەوانەشی ئەمڕۆ لە دەوروبەری گۆڕەکەی نەوشیروانن، بەرپرسن لە ئەگەری ئەوەی نەوشیروانیش ببێ بە زامێکی ئەزەلی دیکە: جارێکی دیکە دەیڵێینەوە ئەم جەستە شەکەت و پڕ زامەی کوردە بارتەقای ئەم هەموو برینە ناگرێ!

جا با قسەیەکی دیکەش بکەین: ئەمڕۆ بە توندی، لە لای ناحەزانی نەوشیروانەوە، هەوڵی "دێواندن" و سڕینەوەی ئەو لە مێژوودا لەسەرڕێیە، بەڵام لەم پرۆسەی سڕینە و دێواندنەدا لایەنگرانیشی دریغی دەکەن وە دەکرێ لە سبەینێدا بوترێ: هاوڕێیانی نەوشیروان مستەفا نەیان توانی شتێک بکەن بۆ ئەوەی نەوشیروان بەو هەموو زامەوە نەچێتە ناو پەڕەکانی مێژووەوە!

ئاخر ئێمە دەبێ لەوە بگەین کە سڕینەوەی نەوشیروان مستەفا لە مێژوو، هەروەک هەوڵی سڕینەوەی پێشەوا قازی محەمەد و جەنەڕاڵ شەریف پاشا و زۆرانێکی دیکە لە ڕەمزە مێژووییەکانی کوردستان، دەبێتە مەترسی گەورە نەک هەر لەسەر مێژوومان، بەڵکو تەنانەت لەسەر داهاتووشمان!

کێشەکە لە کوێدایە، وە ئایا بە ڕاستی زامەکانی بەرەی گۆڕانخوازی لە کوێوە سەرچاوە دەگرن؟ هەڵبەتە هەڵەیەکی گەورە دەکەین گەر بڵێین کێشەو زامەکانی ئەم بەرەیە، بە تایبەتی هی خودی بزوتنەوەی گۆڕان، تەنها هی کۆچی دوای (نەوشیروان مستەفا)ن. لە ڕاستیدا، هەر ئەو کەرسەیەی (جا کەرەسەی کۆمەڵایەتی، کەرەسەی فیکری یا کەرەسەی دەستەبژێر)، کە بوو بە بنەما بۆ سازدانی بزاڤی گۆڕان، **خۆی لە خۆیدا هەڵگری کۆمەڵێ برین و زام بوو**، بەڵام دەرکەوتنی ئەم برین و زامانە لە ئێستادا، دوای ئەوەیە کە بۆ ماوەیەک بە بەنجی هیواخواستن و چاوەڕوانی بێسنووری خەڵک و کاریزمای نەوشیروان مستەفا زامەکان **"سڕ کرابوون."** بەڵام ماوەیەکە، دوای سەرهەڵدانەوەی زامە کۆنەکان و دەرکەوتنی زامی نوێ، ئەم هەموو برینە **بوونەتە مەترسی جددی لەسەر دواڕۆژی بزووتنەوەکە.**

هەر بۆ ئەوەی شتەکان باشتر روون بن: سەرچاوەی زامەکانی ئێمەی کورد بە شێوەیەکی سەرەکی دوو جۆرن: **یەکەمیان**، ئەو **هەموو زامەیە کە لە مێژوودا بۆمان بە جێ ماون** و بێ سارێژکراوی ماونەتەوە و ناوە ناوەش ئەم زامانە **"سەر هەڵدەدەنەوە"** و دەبنە هۆی کاریسە و تراژیدیای زێتر، ئەمە رێک خولانەوەیە لە بازنەیەکدا کە تیایا کات زام بە زام و دیسانەوە بە زام دەسپێرێ و خوێنبەربوونەکەش هەر بەردەوامە؛ **دووەمیان**، کەلتوری سیاسی لەمەڕ کورد، چ پەیوەندیدار بە حزبە سیاسییەکان یا کەسەکان، **سەرچاوەیەکی دیکەی کەوتنەوەی بەردەوامی ئەو هەموو زامەیە**. گرنگترین رەگەزەکانی ئەم کەلتورە سیاسییەش قەبوڵنەکردنی یەکتر؛ گەمەی سفریی لە مامەڵەی یەکتردا؛ ئیگۆیزم و خۆپەرستی رووخێنەر؛ کردنی داگیرکار بە دۆست بۆ **لەناوبردنی "برا و هاوخەبات"**؛ پەیرەوکردنی نەفەسێکی فاشییانە لە سیاسەت (ئەگەر تۆ لەگەڵ من نەبیت، ئەوا بە زەرورەت دژی منیت)، ئەمە و چەندەها دیاردەی دیکەی وێرانکار کە خۆیان لە ناواخن و قوڵایی کەلتوری سیاسی کورددا حەشار داوە و بەردەوام لە پرۆسەیەکی بننەهاتوودا

دەبنە هۆی کەوتنەوەی زیانی زێتر و زێتر، وە بەم شێوەیەش لە هەمان بازنەدا ئەم کەلتورە سیاسییە وێرانکارە **بەردەوام خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە!**

هەر وەک گوترا، لە لایەک مێژووی ئێمەی کورد پڕە لە زام، لە لایەکی تریشەوە ئەم کەلتورە سیاسییەکەشمان بەردەوام سەرچاوەی بەرهەمهێنانەوەی زام دوای زامە. ئەم دوو رەگەزە، واتە مێژوو و کەلتوری سیاسی، دووانەیەکی لەیەکتر دانەبڕاون: ئەم مێژووە هێز بەو کەلتورە سیاسییە سەقەتە دەبەخشێ، وە لەولاشەوە جارێکی دیکە ئەم کەلتورە سیاسییە **سەرچاوە و ماکینەی بەرهەمهێنانی ئەو مێژووە پڕا و پڕەی زام و تراژیدیای کوردییە.** رێک ئەم دووانەیەیە کە پێویستی **بە دوو دانە نەشتەرگەری** گەورە هەیە: یەکێکیان **نەشتەرگەری مێژوو** و ئەوەی دیکەشیان **نەشتەرگەری لە "کەلتوری سیاسیدا."** ئەم دوو نەشتەرگەرییە، **شارەزایی، لێزانی، دڵسۆزی، ئامراز، کۆد و مێتودی** دروست و **خەمخۆرییێکی بێ هاوتای پێویستە.**

بە هەر حاڵ، هەر ئەم پێداویستییەیە لە دوو جۆری نەشتەرگەریی (بەڵام ئاوێتەی یەکتر) کە سەرچاوە و رۆح و **لایەنە نەگوتراوەکەی پرۆژەکەمانن!**

## بە راشکاوی

ئێمە لە پرۆژەکەماندا تەنها هەوڵمانداوە **دەروازەی گفتوگۆ و دایەلۆگێکی داهێنەر و بەرهەمهێن** فەراهەم بکەین لە **مۆدێلێکی سێگۆشەییدا**، لە نێوان:

١) بزووتنەوەی گۆڕان؛

٢) بەرەی ناڕازی، لە ناویشیاندا بەڕێزان عوسمانی حاجی مەحمود و (بە داخەوە لە ئێستادا، رەوانشاد قادر حاجی عەلی) وەک دوو فیگەر؛

٣) میراتگرانی نەوشیروان مستەفا، بە تایبەتی چیا و نما. واتە **میکانیزمی ئەنجامدانی دایەلۆگ و نەخشەرێگای چارەسەری کێشەکانمان** بۆ قۆناغی دووەم و سێهەم جێهێشتووە. جارێ ئەوەی لە ئێستادا مەبەستە و پێویستە ئەوەیە کە **دەروازەیەک بۆ دایەلۆگ** بکرێتەوە و دواتر کە دایەلۆگ دەستی پێکرد، ئینجا باس لە میکانیزم و نەخشەڕێگا دەکرێ.

هەڵبەتە هەر بۆ بیرخستنەوە، هەر وەک لە پرۆژەکەدا ئاماژەی پێکراوە، دەکرێ تەنانەت باس لە مۆدێلێکی چوارگۆشەییش بکەین، بە مانای ئەوەی خەڵکێکی زۆر هەیە کە دەکرێ پەیوەندیدار بێت بەو دایەلۆگەوە، بەڵام خۆی لەسەر هیچ لایەنێکی ئەم سێگۆشەیەش حسێب نەکات!

لەگەڵ ئەوەی کە مەبەستی پرۆژەکە تەنها سەرپێ خستنی دایەلۆگە، بەڵام لەم راگەیاندراوەدا هەوڵ دەدەین راشکاوانەتر هەندێک شت **دەربارەی** هەر سێ سەری سێگۆشەکە، یا راستتر بڵێین روو لە هەرسێ سەری سێگۆشەکە، بڵێین کە لە خودی پرۆژەکەدا نەگوتراون:

## ١- ڕوو لە بزووتنەوەی گۆڕان:

پێویستە ئەم بزووتنەوەیە لە هەموو کەس و لایەن زیاتر لە خەمی ئەوەدا بێت، هەر چی زووە و بێ دواکەوتن، زامەکانی خۆی ڕاستگۆیانە (ڕاستگۆیانە **ڕوو لە ناوەوە واتە ناوخۆی بزووتنەوەکە**، وە **ڕوو لە دەرەوە**، واتە تەواوی پانتایی سیاسی و کۆمەڵایەتی باشوری کوردستان) دەستنیشان بکات وە پەنجەش لەسەر میکانیزمەکانی چارەسەرکردنیان دەبنێت.

چیتر بزووتنەوەی گۆڕان ناتوانێ بە ئاسانی ئەو هەموو دەنگە دڵسۆزە ناڕازیەی کە لە بزووتنەوەکە دووركەوتۆتەوە، یا تەنانەت **دەنگە ناڕازییەکانی ناو خودی بزووتنەوەکە** کە خەریکە دوور دەکەونەوە، بە نادیدە بگرێ. ئێمە بە ڕاستگۆیانە دەڵێین، گۆڕان کۆمەڵێک کێشەی زۆر جددی هەیە و بەردەوامبوونیش لە نادیدە گرتنیان دەکرێ زۆر زۆر گرانتر بکەوێ لەسەر بزووتنەوەکە **لەوەی کە تا ئێستا ڕوویداوە**. لێرەدا پێویستە ئاماژە بە هەرە گرنگەکان بکرێ: أ) مەسەلەی بەشداری گۆڕان لە دەسەڵاتدا، واتە لە کابینەکەی مەسرور بارزانیدا؛ ب) ڕۆڵ و نەقشی میراتگرانی نەوشیروان مستەفا لە ئاراستەکردنی بزووتنەوەکە؛ ج) کێشە ناوخۆییەکانی گۆڕان: ڕێکخستن، هەڵبژاردنە ناوخۆییەکان، دەستوری بزووتنەوە، کۆنفرانسی نیشتمانی و . . . هتد.

## ٢- ڕوو لە ناڕەزییەکانی بەرەی گۆڕانخواز:

هەرگیز ئاسان نییە، دوای تەنها چەند ڕۆژێک لە سەفەری بێگەڕانەوەی سەرکردە کاک قادر حاجی عەلی، باس لە بەرەی گۆڕانخوازە ناڕازاییەکان بکەین بەبێ ئەو. ئەمە نەک هەر کۆستێکی گەورە بوو بۆ هەموو پانتایی بەرەی گۆڕانخوازان، بەڵکو کۆچی دوایی کاک قادر کاریگەری لەسەر دەرفەتی سەرکەوتنی یا شێوازی ڕاگوزەری تەواوی پڕۆژەکەشمان دەبێت. . . دیارە شتێکی بەڵگەنەویستە کە لە پڕۆژەکەدا یەکێک لەو بەرێزانەی کە ئەم پڕۆژەیەی ئاراستە کراوە کاک قادرە. (چونکە ئەو پڕۆژەیە لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەر پێشکەش بە لایەنەکان کراوە وە وەک بەڵگانامە جێگای دەستکاری نییە، بە پێویستی دەزانین ناوی کاک قادر وەک خۆی پارێزراو بێت). دیارە لەو کاتەدا سەروبەندی نەخۆشکەوتنی کاک قادر بوو، لەبەر ئەوەش پڕۆژەکە بەبێ کاردانەوەی ئەو دەمێنێتەوە.

**بە هەر حاڵ**، ئێمە لەو باوەڕە داین کە چیتر ناڕازییەکان بە قسە و نووسین ناتوانن بە ئاسانی بەرەو ڕووی ئەم حاڵەتە ناهەموارەی پانتایی سیاسی هەرە فراوان و بارە قەیراناوییەی "بەرەی گۆڕانخوازی" ببنەوە. ئەم دۆخە بە دروستکردنی هەندێک کۆمەڵەی کۆمەڵگەی مەدەنیش چارەسەر ناکرێ: ژمارەی کۆمەڵەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان بەشی وڵاتێکی وەک میسر دەگات کە دانیشتوانەکەی خەریکە هەڵدەکشێ بەرەوە سەد ملیۆن کەس. . . زۆری کۆمەڵەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرێ ئەو پەردەیە بێت کە گەوجییەکانی کۆمەڵگەی سیاسی (polity) داپۆشێت، نەک چارەسەریان بکات!

به هەر حاڵ، دەکرێ **لە ئێستادا** بڵێین کە گۆڕانخوازە ناڕازییەکان سێ دانە سیناریۆیان لە پێشە:

**سیناریۆی یەکەم لەبەردەم ناڕازییەکان:** ئەگەری هەنگاونانی، زوو یا درەنگی، "ناڕازییەکان" بۆ سەرپێخستنی **هێزێکی سیاسیی نوێ** بۆ ئەوەی ئەم هێزە دواجار **بچێتە ژێر باری ئەو هەموو چاوەڕوانییەی** لە ئێستاوە لەو هێزە سیاسییە هەیە، تەنانەت بەر لە دروستبوونیشی چاوەڕوانییێکی زۆر کەڵەکە بووە! ئێمە لە ناوەڕۆکی پرۆژەکەشدا، راشکاوانە وتومانە **کەرەسەی پێویست** بۆ دروستبوونی هێزێکی سیاسی نوێ کە بتوانێ ببێتە ژمارەیەکی گەورە و یەکلاکەرەوە لە پانتایی باشوری کوردستاندا و پێگە بە دوو هێزی دەسەڵاتدار، واتە یەکێتی و پارتی، لەق بکات، لە بەر دەست نییە: راستە خەڵک زۆر تورەیە، بەڵام هەر مرۆڤێکی سیاسی **پێی وابێ تورەیی خەلک بەسە بۆ بەرهەمهێنانی هێزێکی سیاسی کارامە و یەکلاکەرەوە،** ئەوا ئەو سیاسییە لە باشترین حاڵەتدا بە هەڵەدا چووە، لە راستیدا هەڵەیەکی کوشندەش! ئاخر خەڵک چەندە لە دەسەڵاتی سیاسی تورەیە، ئەوەندەش، **تەنانەت زیاتریش،** لە حزبی سیاسی و سیاسییەکان و کاری سیاسی تورەیە! ئێمە لەو باوەڕەداین چۆن لە ماوەی دە ساڵی رابردوودا سێ هێزی سیاسی (گۆڕان، هاوپەیمانی و نەوەی نوێ) دروست بوون وە دواجار هەرسێکیشیان بوون بە برین و زام، هەروەها هەر هێزێکی سیاسی نوێ، بە ئەگەری زۆر، دیسانەوە، تەنانەت لە ماوەیەکی کەمیشدا، دەبێتەوە بە زامێکی دیکە! رۆحی کێشەکە ئەمەیە: **ئەو کەرەسە کۆمەڵایەتییە و دەستەبژێرەی کە دەبێتە بنەمای هێزە نوێیەکە، خۆی هەر زوو هەڵگری کۆمەڵێک زام و برینە،** وەک چۆن دە ساڵ بەر لە ئێستا ئەو کەرەسەیەی بووە بنەمای دروستبوونی گۆڕان هەر خۆی **لە هەناوی خۆیدا هەڵگرێ کۆمەڵێک زام بوو،** تەنانەت هەندێک لەو زامانە هی ٣٠ یا ٤٠ ساڵ بەر لە ئێستا بوون!

ئاخر ئەم کوردە چیتر بەرگەی زامی "خۆکردی" دیکە ناگرێ. راستیەکەی هیچ جێگایەکی جەستەی ئەم کوردە نەماوە بۆ برین و زام بشێ: هەمووی هەر برینە، هەمووی شەکەتییە، هەمووی. . . هتد. چیتر جەستەی کورد و نیشتمانەکەی (زۆر بە تایبەتی جەستەی "بەرەی خێر") بەرگەی لەتکردن و هەنجن هەنجن کردنێکی دیکە ناگرێ، بەڵکو ئەم جەستەیە پێویستی بە سارێژکردنی برینەکانیەتی؛ کەواتە پێویستی بە سارێژ و هەڵسانەوەیە لەو هەموو زام و شەکەتییە!

**سیناریۆی دووەم لەبەردەم ناڕازییەکان:** هەوڵدان، بەیەکەوە لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، واتە هەوڵێکی بە کۆمەڵ و دڵسۆزانە بۆ چارەسەرکردنی زامەکانی ناو بەرەی گۆڕانخوازان وە سەر لە نوێ "گیان بەبەرکردنەوەی" ئەو بەرەیە و هەوڵدان لەو چوارچێوەیەدا بۆ ئەوەی گۆڕان جارێکی دیکە بچێتەوە ئەو پێگەیەی کە لە ساڵانی سەرەتای تەمەنیدا لێی بوو. زۆر راشکاوانە بیڵێین: ئەم چەپڵەیە بە یەک دەست لێنادرێ، بەڵکو خەمخۆرییێکی بێ هاوتای بزووتنەوەی گۆڕانی لە لایەک و ناڕازییەکانی **ناوەوە** و **دەرەوەی** بزووتنەوەکەی پێویستە، بۆ ئەوەی ئەم نەشتەرگەرییە پێویستە سەربکەوێ و جەستە و رۆحە پڕ لە زامەکەی بەرەی گۆڕانخوازان "**بێتەوە سەرخۆی**." سەرکەوتنی ئەم سیناریۆیە، هەر وەک پێشتر ئاماژەی

پێکرا، هەر لە پێناو پاراستنی جوانییەکانی دوێنێ نییە، بەڵکو تەنانەت **زیاتریش لە پێناو ئەمڕۆ و داهاتووە**.

بە هەر حاڵ، بە کورتی و بە چڕی: سەرکەوتنی ئەم سیناریۆیە دەبێتە خاڵی وەرچەرخان روو لە داهاتوو. ئەم ئەزموونە دەبێتە یەکێک لە ئەزموونە هەرە دانسقەکان لە "پرۆژەی ساڕێژکردنی برینەکان،" واتە، ساڕێژکردنی زامەکان لە بری بەنجکردنیان، نادیدەگرتنیان، بازدان بەسەریاندا و سپاردنیان بە مێژوو. . . ئەم سیناریۆیە باشترین بژاردەیە! **سیناریۆی سێهەم لەبەردەم ناڕازییەکان:** رۆژانە گۆڕانخوازە ناڕازییەکان، لە گوتار و رەفتاریاندا، **بەردەوام چاوەڕوانی خەڵک لەسەر خۆیان زێدەتر بکەن**، بەبێ ئەوەی توانیبێتیان "**وەبەرهێنانێکی سیاسییانەی سەرکەوتوویان**" لەو **چاوەڕوانیەدا** کردبێت. ئەم نەتوانستە لە هاوێشتنی هەنگاوی کرداریی لە ئارستەی "بەرابەرکردن" یا **وەڵامدانەوەی شایستە بە چاوەڕوانییەکان**، دەکرێ ببێتە هۆی نائومێدی زیاتر، بەڵام لە پێش هەر شتێکیش ببێتە هۆی داتەپینی فیگەرە سەرەکییەکانی بەرەی ناڕازی **<u>لە ژێر باری قورسی چاوەڕوانی خەڵکدا</u>**. دواجار چاوەڕوانی خەڵک، وەک حاڵەتێکی سایکۆ-کۆمەڵایەتی، دوو رووی دژ بەیەکی لە پرۆسە سیاسییەکاندا هەیە: دەکرێ چاوەڕوانیی زۆری خەڵک سەرچاوەی هێزی سەرکردە و قەوارەیەکی سیاسی بێت؛ بەڵام تەواو بە پێچەوانەشەوە دەکرێ چاوەڕوانیی زۆری خەڵک ببێتە بارێکی قورس کە سەرکردە یا هێزی سیاسی لە ژێریدا "دابتەپێ"![2] جگە لەمە، مەترسییێکی جددی ئەم سیناریۆیە ئەوەیە کە ئەم هەموو وزە دڵسۆزە لەگەڵ کاتدا لەت لەت ببێ و بکەوێتە ناو بازنەی بننەهاتووی پەرتەوازەیی و بێئومێدی: **بێئومێدی وزەکان داهێنەرەکان دەکوژێ**، ئیرادەکان کەمهێز دەکات و تروسکایی هیواش کزتر و کزتر دەکات، تا رادەی دامرکانەوەی بە تەواوەتی.

### ٣- روو لە میراتگرانی نەوشیروان مستەفا، بە دیاریکراوی نما و چیا:

ئەوەی ئێمە لە ماوەی رابردوودا تێبینیمان کردووە ئەوەیە کە نما و چیا نکۆڵی لەوە دەکەن کە **بەشێک بن لە کێشە**، یا وەک ئەوەی ئەوان حەز بکەن خەڵک وەک بەشێک لە بزووتنەوەی گۆڕان بیان بینێ و هیچی دیکە، بەبێ ئەوەی بچنە ژێر باری ئەوەی بەشێکی سەرەکی و بنەڕەتی بن لە کێشەکانی ئەو بزووتنەوەیە. کێشەکە ئەوەیە ئەوان بوون بە ژمارەیەکی سیاسی بەهێز، کە بە **رواڵەت دەسەڵاتی رەسمیان** لە ناو بزووتنەوەکەدا نییە، بەڵام لەولاشەوە خاوەن دەسەڵاتێکی زۆریشن بەسەر بزووتنەوەکەوەدا! بەردەوامبوونی ئەوان لە ئەوەی گوێ بە دەنگە ناڕازییەکان، بە تایبەتی لە ناو "گۆڕانخوازە ناڕازییەکانی دەرەوەی بزووتنەوەکە،" نەدەن، بەردەوامیدانە بە شتێک کە نەک هەر باش بۆ بەرەی گۆڕانخوازی ناشکێتەوە، بەڵکو وا دەکات کە باوکیان، رەوانشاد نەوشیروان مستەفا لە گۆڕەکەیدا باجێکی زۆر قورسی ئەم حاڵەتە بدات: هەر وەک پێشتر گوترا،

---

[2] لە مێژوودا نموونەی ئەو سەرکردانە زۆرن کە دواجار لەژێر **چاوەڕوانی** زۆریی خەڵکدا داپیون، لە کاتێکدا پێشتر هەر هەمان چاوەروانی خەڵک سەرچاوەی هێزی بننەهاتوی هەمان سەرکردە بووە. . .

ئەمڕۆ دوای ئەوەی ساڵانێک نەوشیروان مستەفا وەک حەکیمێک بۆ چارەسەرکردنی زامەکانی پانتایی سیاسی باشوری کوردستان دەرکەوت، ئەوا بە دڵنیاییەوە نەوشەروان خۆی "وەک فیگەرێکی مێژووکرد، لە چیرۆکی کوردایەتیدا" **بووە بە زامێکی دیکە**، کە بێ هیچ سێ و دوو و بەبێ دواکەوتن پێویستی بە سارێژ و چارەسەرە! پێویستە میراتگرانی نەوشیروان مستەفا **لە هەموو کەس زیاتر** مشوری ئەوە بخۆن کە هەرچی زووە ئەم زامەی نەوشیروان مستەفا سارێژ بکرێ. . . بە پێچەوانەشەوە، بەردەوامی ئەم دۆخە دەبێتە کۆتاییێکی "مەعنەوی" نەخوازراو بۆ نەوشیروان مستەفا! هەڵبەتە لە پڕۆژەکەدا ئێمە پێشنیارێکیشمان هەیە بۆ شێوازی چارەسەرکردنی ئەو "مولک و ئەملاکەی" کە دوای نەوشیروان مستەفا جێماوە، وە هەروەها ڕۆڵی چیا و نما لە بزووتنەوەکەدا، وە تەنانەت ناوی نەوشیروان مستەفاشمان پێشنیار کردووە بۆ ئەوەی ببێتە ناونیشانی ئەو چارەسەرییە.

## پڕۆژەکە وەک هەوێنی "کەلتوری سیاسی سارێژکردنی برینەکان"

لەوانەیە ئەم جارەیان لە هەوڵ و پڕۆژەی سارێژکردنی برینەکان لە ناو بەرە هەرە فراوانەکەی گۆڕانخوازی، عەدالەتخوازی و شاکسازیخوازیدا سەرکەوتوو نەبین، بەڵام ئەگەر، لانی کەم، ئەم هەوڵ و هەنگاوە ببێ بە هەوێن و سەرەتایەک لە ئاراستەی سارێژکردنی برینەکان، لە پانتایی سیاسی نیشتماندا، ئەوا دیسان روو لە داهاتوو سەرەتایەکی باش دەبێت.

ئێمە باوەڕمان وایە کە کورد (لە کوردستانی گەورە و بە جیاش لەسەر ئاستی هەر پارچەیەکی کوردستان) ناتوانێ بەم، جەستە پڕ لە زام و برینەوە، بەرەورووی ئەو هەموو مەترسی، هەڕەشە و ئاڵنگاریانە ببێتەوە. . . بە هەمان پێوەر، ئاسان نییە مرۆڤ باوەڕ بکات کە بەرەی گۆڕانخوازان بتوانێ زامە کوشندەکانی دەسەڵات و پانتایی فراوانی سیاسەت و سیاسەتکردن سارێژ بکات، لە کاتێکدا ئەو **بەرەیە خۆی جەستەکەی پڕ بێ لە برین و زام!** بە واتایەکی دیەک، ئەم بەرەیە بەم جەستە شەکەت و پڕ لە زامەی ناتوانێ دەسەڵات لە هەر چی حاڵەتی ناشیرینی، تلانەوە بە دەست شێرپەنجەی گەندەڵی و ناپاکی، بگوازێتەوە بۆ حاڵەتێک کە تیایدا دەسەڵات بە تەندروستییێکی باشەوە ببێ بە خزمەتکاری خەڵک و پاسەوانی هەرە دەستپاکی ماف و ئازادییەکانیانی. . .

### لە کۆتاییدا

بۆ ئەوەی بەرەی گۆڕانخوازانی جارێکی دیکە گیان بەبەر خۆیدا بکات و بێتەوە ئاستی شایستەی چاوەڕوانییەکان و ببێتە خەندەقی هەرە فروان و بەهێزی بەرەنگاربوونەوەی ئەم دەسەڵاتە، ئەوا هەرگیز ناتوانێ بەسەر زام و برینە کوشندەکانی خۆیدا باز بدات، یا نادیدەیان بگرێ. یا لە بارێکی دیکەدا، ئەم بەرەیە بە ئاگا لەو هەموو حاڵەتی ناتەندروستییەی کە بەرەکەی تیایە، پێمان بڵێ "منی

بەرەی گۆڕانخوازی لە توانمدایە بەو هەموو برینەوە لەسەر پێ بوەستم، تەنانەت لە تواناشمدایە زامەکانی نیشتمانیش چارەسەر بکەم"! ئاخر ناڕاستگۆیی روو لە خەڵک و دەنگدەر، دەکرێ یەکێک بێت لە زامە هەرە مەترسیدارەکان لە جەستەی کەلتوری سیاسیدا؛ هەڵبەتە پێچەوانەکەشی راستە: واتە گەورەترین هەنگاو بزاڤی گۆڕان بیهاوێژێ بە ئاراستەی گیانکردنەوە بەبەر خۆی و بەرەی گۆڕانخوازیدا ئەوەیە کە بە راستگۆیی و راشکاوانە بڵێ جەستەی منی بزاڤی گۆڕان پڕیەتی لە زام و بڕیاریمان داوە و ئیرادەشمان هەیە ئەم زامانە سارێژ بکەین، وە تا ئەو برینانەی خۆمانمان سارێژ نەکردبێ، ناکرێ ئەو چاوەڕوانییە لای خەڵک دروست بکەین کە گۆران لە پانتاییە گشتیەکەدا زۆری پێبکرێ و دەستەوتی زێتری بۆ خەڵک پێبێت! لە راستیدا دەکرێ ئەم جۆرە لە راستگۆیی، کە لە ئێستادا لە گوتاری گۆڕاندا بەدی ناکرێ، دایکی هەموو دەرمانەکان بێ بۆ چارەسەری زامەکانی بزووتنەوەکە.

راستە ئەم پڕۆژەیە رووی لە حاڵەت و زامێکی هەنووکەییە، کە هەر ئێستا و بێ دواکەوتن پێویستی بە چارەسەر و تیمارکردن هەیە، بەڵام رۆحی پڕۆژەکە هیچ سنوورێکی جوگرافی، سیاسی یا زەمەنی ناناسێ، بەڵکو پڕۆژەکە (بە تایبەتی لە رووی فیکری و لۆژیکی پشت پڕۆژەکە) رووی قسەی نەک هەر لە تەواوی پانتایی باشوری کوردستانە، بەڵکو رووی قسەی لە پانتایی تەواوی کوردستانی گەورەیە: کوردستانی گەورە هەڵگری مێژوویێکی پڕا و پڕە لە زامە "خۆکردەکان" و لە ژێر باری قورسی "کەلتورێکی سیاسی سەقەت" دەناڵێنێ؛ کەلتورێک کە بەردەوام سەرچاوەی کەوتنەوەی زامی نوێیە!

هەڵبەتە ناکرێ ئێمە لەم قۆناغەدا باسی وردەکارییەکانی ئەو گفتوگۆیانە بکەین کە تا ئێستا لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان کراوە، ئەمەش لە پێناو پاراستنی پرۆسەی گفتوگۆ؛ بەو هیوایەی کە هەرچی زووە بگەینە قۆناغی دەستپێکردنی دایەلۆگی دڵسۆزانە لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکانی پڕۆژەکە. بە هەر حاڵ، لە ئێستادا دەتوانین هەرنەبێ دوو شت بڵێین کە: ١) گفتوگۆکان لە دۆخ و هاوکێشەیەکدا گوزەر دەکەن کە ناهاوسەنگی تیایە، هەر وەها ناهاوسەنگی لە رادە و ئاستی پەرۆشی بۆ سەرکەوتنی پڕۆژەکە هەیە؛ ٢) ئێمە هەر زوو گەیشتینە ئەو باوەڕەی کە پڕۆژەکە بچێتە پانتایی گشتییەوە و بازنە سنووردارەکان تێک بشکێنێ، ئەمەشیان بە دوو هۆ: أ- پڕۆژەکە پێویستی بە پشتگرییێکی زێتر و بەرفراوانتر هەیە لەوەی کە تا ئێستا هەبووە، بۆ ئەوەی دەرفەتی سەرکەوتنی زێتر بێت؛ ب- ئەگەرچی ئەم پڕۆژەیە لە کات و جوگرافیایەکی تایبەتیدا خۆی بەرجەستە دەکات، بەڵام ئێمە چاومان لەوەیە کە رۆحی پڕۆژەکە (کە مەبەست لێی جەختکردنەوەیە لە کەلتوری سیاسی نەشتەرگەری و سارێژکردن لە تەواوی پانتایی کوردەواری و کوردایەتیدا) پێداویستییێکە لە هەر پارچەیەک لە پارچەکانی کوردستانی مەزن. هەر وەک خەمخۆرێکی رۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە سەرەتای سەرپێخستنی پڕۆژەکە وتی: "ئەگەر ئەم پڕۆژەیە سەربکەوێ، ئەوا بە دڵنیاییەوە بەسەریدا دەڕژێ بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستانیش."

جگە لەمە، لە ڕەهەندی زەمەنییەوە، بە تایبەتی لەم ڕاگەیاندراوەی بەردەستدا جەخت لەوە کراوەتەوە کە نەوەی ڕابردوو، وە تەنانەت ئەم نەوەیەش کارامە و لێهاتوو نەبوون لە نەشتەرگەری مێژوو و سیاسەت بە ئامانجی ساڕێژی برینەکان، بەڵام هەر ئێستا دەرفەت هەیە کە ئێمە بۆ نەوەی داهاتوو شتێک بەجێ بهێڵین بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوو کارامەتر و بوێرتر بێت لە پەنجە خستنە سەر زامەکان و لە هەمان کاتیشدا خۆی چەکدار بکات بە شارەزایی و ئامراز و کۆدە پێویستەکان بۆ نەشتەرگەری و ساڕێژکردن.

ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێک زیاتر دۆخی باشوری کوردستان لە دارمانێکی بێ هاوتدایە؛ ئەم دۆخە بە جوانکرای، فرتوفێڵ و هەنگاوی بچووک چارەسەر ناکرێ. دۆخەکە پێویستی بە **تەکانێکی قوڵ و فراوان هەیە کە هەست و ویژدان و هیوای خەڵک بۆ لای خۆی ڕابکێشێ** و دواجار هەر ئەم هەست و ویژدانە زیندو و هیوایە **بکرێتەوە بە وزەی گۆڕانکاری بنەڕەتی.** ئێمە وا دەزانین ئەم تەکانە بە هەوڵ و هەنگا و بڕیارێکی پڕ لە خۆبووردەیی و خەمخۆری پێویستە و ئەم پێداویستییەش ڕێک لەبەر دەرگای گۆڕانخوازان (بە ڕازی و ناڕازییەوە)، عەدالەتخوازان، شاکسازیخوازان قوت بۆتەوە و داوای هەڵویستیان لێ دەکات، لە پێناو بەرهەمهێنانی بەرەیەکی هەرە فروان، پڕ هێز و توانست، پڕ ئیرادەی گۆڕانکاری. . . هتد. ئەمە چرکەساتی هیممەتە، پرۆژەی بەر دەستیش هاوارێکە بە ئاراستەی ئەم هیممەتە!

فەرموون لە خوارەوە پرۆژەکە بخوێننەوە؛ بە هیوای هیممەتی ئێوەی بەڕێز.

براتان،

بە ڕێز و خۆشەویستییێکی زۆرەوە،

د. بورهان أ. یاسین

بە هاوکاری و پشتگیری کۆمەڵێک لە کوردستانیانی دڵسۆز و خەمخۆر

٢٠٢٠/١١/١٥

---

## تێبینێکی گرنگ:

**تکایە** هەر بەڕێزێک پشتگیری لە پرۆژەکە و "ڕۆحی" ئەم ڕاگەیاندراوەی بەردەست دەکات، ئەوا خۆی بێ سێ و دوو خاوەنی پرۆژەکەیە: هەر بەڕێزێک لە جێگاو پێگەی خۆیەوە (بەو شێوازەی خۆی بە باشی دەزانێ) دەست کراوەیە و دەتوانێ کار بۆ سەرخستنی پرۆژەکە بکات.

## ----------- کۆتایی ڕاگەیاندراو -----------

فەرموو، ئەمەش

# پڕۆژەکە

# هاوارێکی دیکە:

## لە پێناو گەڕانەوەیەکی شکۆمەندانە

## لە هەڵدێر

٢٠٢٠/١٠/٧

سوید، ٢٠٢٠/١٠/٧

- بەڕێز ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان، کاک عومەر سەید عەلی؛
- بەڕێزان "سەرکردایەتی" گۆڕان لە هەر سێ دەزگای بەڕێز (خانەی ڕاپەڕاندن؛ جڤاتی نیشتمانی؛ جڤاتی گشتی)؛
- بەڕێزان هەردوو فراکسیۆنی بزاڤی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق؛
- بەڕێزان ژوورەکان، فراکسیۆنەکانی گۆڕان لە ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەنجومەنەکان و تەواوی یەکە ڕێکخراوەییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان، لە ناوەوە و لە هەندەران؛

---

- بەڕێزان کاک قادر حاجی عەلی و کاک عوسمانی حاجی مەحمود، هاوڕێکانیان و هەموو ئەو گۆڕانخوازانەی ناڕازین لە باری سیاسی ئێستای گۆڕان و تێبینیان لەسەر ئاراستە سیاسی و ڕێکخراوەییەکانی هەیە؛

---

- بەڕێزان واریسانی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا، بە تایبەتی کاک نما و کاک چیا و چرا خان؛

---

- بەڕێزان ئەوانەی ماوەیەک پشتگیری سەرسەختی بزاڤی گۆڕان بوون بەڵام لە ئێستادا لە مەودایەک لەو بزاڤە وەستاون و خۆتان بە زەرووەرەت لە هیچ کام لەو چوارچێوانەی سەرەوەدا نابیننەوە؛
- بەڕێزان جەماوەری چاکخواز و گۆڕانخواز لە بەرە و پانتاییە هەرە فراوانەکەی چاکسازیخوازی و گۆڕانخوازیدا، بە کچ و کور، بە پیر و گەنج و بە، بە. . . هتد.

سڵاوێکی گەرم،

ئەم نامەیە و نووسراوی لکێنراو پێیەوە هەوڵ و هاوارێکی دیکەیە بە ئاراستەی ڕێکخستنەوەی بەرەی گۆڕانخواز و چاکسازیخواز لە باشوری کوردستان، بە هیوای

هیممەتێکی هەمە لایەنە کە، لە پێش هەموو حسێب و ئیعتبارێکی دیکەوە، دۆخی ناهەمواری خەڵکی کوردستان لەبەر چاو دەگرێ، تێڕامانێکی پڕ لە نیگەرانی روو لە داهاتوو لەخۆ دەگرێ و لەسەر ئەو باوەڕەشە ئەگەر شتێکی جددی نەکرێت ئەوا بە ئەگەری زۆر لە سبەینێیەکی نزیکدا هەمووان درەنگ دەکەون و خۆزگە بە گەڕانەوەی کات بۆ دواوە دەخوازن. . . ئەم هاوارە هەڵقولاوی خەم و نیگەرانییکی دڵسۆزانەیە بە ئاراستەی بە تەنگەوەچوونێکی دڵسۆزانە لە  بێزاری و خەم و بێئومێدی و تورەیی لە پاناتاییە هەرە فراوانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی باشوری کوردستاندا. . .

بەڕێزان،
تازە چیتر ناکرێ باسی ئەوە بکەین کە باشوری کوردستان لە هەڵدێر نزیک بۆتەوە یا لە لیواری هەڵدێرە، بەڵکو ملی هەڵدێری گرتووە بەرەو خوارەوەی زیاتر شۆڕ دەبێتەوە، هەوڵ دەدات خۆی بگرێتەوە، بەڵام لەوە دەچی بە ئاسانی خۆی لەو هەڵدێرە بۆ نەگیرێتەوە و پێویستیشی بە **هیممەتێکی لە رادده بەدەر هەبێ بۆ گەڕانەوە لەو هەڵدێرە**، بۆ ئەوەی بەرەو سەرەوەیەکی باشتر هەڵکشێتەوە.
نوسراوی هاوپێچکراو بەم نامەیەوە کراوەیە و رووی لە هەموتانە بۆ ئەوەی هەر دەزگایەک، هەر بەڕێزێک لە هەر پێگەیەک وە هەر دڵسۆزێک کە هەڵگری خەمی گشتییە، بە قەدەر خۆی و هەمووشیان بە پێی توانا و لەو مەودا و قەوارەی کاریگەرییەدا کە هەیەتی، کار بۆ سەرخستنی پرۆژەی رێکخستنەوەی بەرەی گۆڕانخوازان بکەن و بەو ئاراستەیەش هەر چییکیان لەدەست دێت بیکەن بە ئامانجی **گەڕاندنەوەی هیوا لە کات و ساتی بێهیوایی لە تونێلێکی تاریکدا**، بە ئامانجی گەشاندنەوەی مۆمێک بۆ دۆزینەوەی شارێگای دروستی نەجات!

براتان،
بورهان أ. یاسین
٢٠٢٠/١٠/٧
--------------
**فەرموون هاوپێچکراو (نوسراوێک) لەگەڵ ئەم نامەیەدا بە ناوی،**
پرۆژەیەک بۆ رێکخستنەوەی ریزەکانی بەرەی گۆڕانخوازی.

## ئەم دۆخە پڕا و پڕە لە ئاڵنگاری و مەترسیی؛ پێویستی بە ئیرادە، بوێری، لەخۆبوردەیی و بڕیاری گەورە و یەکلاکەرەوە هەیە

## "بەڵام کاتیش یەکجارکەمە"

---

### ناواخنی ئەم نووسراوە


پێشەکی ---------------------------------------------------- ٤

پڕۆژە و هەنگاوێک بۆ ڕێکخستنەوەی بەرەی گۆڕانخوازیی --------------- ٧

پێویستە چی بکرێت؟ ------------------------------------------ ٩

دەرەنجام --------------------------------------------------- ١٤

## پێشەکی

لە تێڕوانینێکی بە پەلە بۆ بارودۆخی باشوری کوردستان ئەوەمان بە روونی بۆ دەردەکەوێ کە کەمجار، بەم شێوازە لە چڕبوونەوە، کۆمەڵێک رەهەندی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوها بە توندی و بە چڕی ئاوێتەی یەکتر بووبن و دۆخێکی ئەوپەڕی ناهەموار و پڕ لە مەترسی لێکەوتبێتەوە:

١) بارودۆخی ئابوری، بە تایبەتی باری گوزەرانی خەڵک، گەیشتۆتە ئەوپەڕی خەرابی. ئەم دۆخە، بە زۆر شێوە، نەوەدەکانی سەدەی رابردوومان بیر دەخاتەوە، کاتێک کوردستان بەرەوڕووی دوو دانە گەمارۆ و زۆر ئاڵنگاری دیکەی ئابووری، ئاسایشیی و سیاسی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵک هێشتان **هەڵگری هیوایەکی مەزن بە داهاتوو بوو**؛

٢) **بێهیوابوونی خەڵک لە ئێستادا** گەیشتۆتە ئاستێک کە بە هیچ حاڵەتێکی پێش خۆی بەراورد ناکرێ. ئەم بێهیوابوونە فرەڕەهەندە: دەروونی، کۆمەڵاتی و سیاسییە. ئەمە تەنها بێهیوابوون نییە لە ئەمڕۆی سیاسەت و سیاسەتکردن، بەڵکو **لە دوارۆژیش: لە ئاکامدا ژیان لە هەرێمی کوردستان بووە بە تونێلێکی تاریکی بێ کۆتایی!** مەترسیدارترین رەهەندی بێهیوابوونیش تەنها ئەوە نییە کە هێز و توانا و ئیرادەی هێزە سیاسییە چاکخواز و گۆڕانخوازەکان بە هیچ شێوەیەک بەشی ئەوە ناکات کە تەکانێکی ریشەیی بە بارودۆخەکە بدات، بەڵکو بە رادەیەکی زیاتر لەبەر ئەوەیە کە **پێشتر هەموو بژاردەکان تاقیکراونەتەوە.** ئێستاش، لە راستیدا تەنانەت دەمێکیشە، کۆمەڵگەی باشوری کوردستان لە "کۆست و ژانێکی قوڵدایە" لە هەوڵدان بۆ دەستگەیشتن بە بژاردەی هەرە لەبار و خەملاندنی جێگرەوەیەک کە توانای **هەڵتەکاندنی ئەم دۆخە و دواتریش لە قاڵبدانەوەی دۆخە هەڵتەکیوەکەی هەبێت**؛ بە دوای مەنهەج و ئامرازێکی تاقینەکراودا دەگەڕێت، کە بەر لە ئێستا ئەزموون نەکرابێ، چونکە ئەزموونکردنەوەی ئەو ئامرازانەی خەبات کە پێشتر تاقیکراونەتەوە؛ دووبارەکردنەوەشیان بە ئەگەری زۆر بێ ئاکامە! ئەمەش لەبەر هۆیەکی زۆر سادە: پارتی و یەکێتی توانیویانە تا ئێستا ئەم شێوازە لە حوکمڕانی بپارێزن کە سەرچاوەی هەموو کێشەکانە وە ئەم دوو هێزە تا ئێستا توانیویانە پاشەکشە بە ئەزموونەکانی پێشوتر لە ئۆپۆزیسیۆنبوون و کاری چاکسازی و گۆڕانکاریی راستەقینە بکەن؛

٣) بە هەموو پێوەرێک لە ئێستادا، تەنانەت ماوەیەکیشە، باشوری کوردستان بەرەوڕووی بەغدا لە دووڕیانێکدایە، لە هەردوو دووڕیانەکەشدا کۆتاییەکان **داخراون**، یا هەرنەبێ

کۆتاییەکان نادیارن، ئەم دوو ریانە پێویستە بگۆڕێ بە شارێگایەک کە لە کۆتاییدا ئامانج روون و ئاشکرا بێت: أ- چیتر، لە ئێستادا و بۆ ماوەیەکی باشیش لە پێشمانەوە، باشوری کوردستان ناتوانێ بە ئاسانی باس لە بەکاربردنی کارتی فشاری جیابوونەوە و سەربەخۆیی بکات، ئەم کارتە لە ریفراندۆمی ٢٠١٧دا کرایە قوربانی سادەیی سیاسی، سەرکێشی و سیاسەتێک کە زیاتر بونیادنرابوو لەسەر وەهم، هەستونەست و هەڵچوونی بێ بنەما و هەندێک خوێندنەوەی کرچوکاڵ لەمەڕ پەیوەندییە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییە ئاڵۆزەکان؛ ب- لایەنی کوردی ناتوانێ بە ئاسانی لەگەڵ بەغدا رێک بکەوێ تا ئەو کاتەی کە هێزێکی کوردی (واتە پارتی دیمۆکراتی کوردستان) لە پەیوەندییێکی شاردراوە و گوماناویدا بێت لەگەڵ ئەنکەرە، پەیوەندییێک کە زیاتر لە کۆدێک لەخۆ دەگرێ: نەوت، ئاسایش، بەرژەوەندیی دەستەبژێرێک لە هەردوو لا، دۆسیەی پەکەکە و . . . هتد؛ کۆدەکانیش لەدەست ئەنکەرەدان. . . تا ئەو کاتەشی کۆدەکان لەدەست ئەنکەرەدا بن، ئەوا تەواوی هەرێمی کوردستان ئەسیر و بارمتەیە لەدەست ئەنکەرەدا!

دەرەنجامی أ و ب: پارتی و یەکێتی خوازیار نین ئەم دۆخە بە چاکسازی بنەڕەتی تێپەڕێنن. دەمێکە ئەم دوو هێزە سیاسەتی "پینەوپەڕۆ"، سیاسەتی کات کوشتن، فرت و فێڵ، چارەسەری کورتخایەن و "مەقتەعی" و سپاردنی چارەسەری راستەقینە لە ئەمڕۆدا بە سبەینێیەکی تاریک و نادیار. . . هتد، پیادە دەکەن. تا ئێستاش ئەوە پشتڕاست بۆتەوە کە نە گرژی و ململانێ لە نێوان ئەم دوو حزبەدا (کە لە ١٩٩٠کاندا گەیشتە ئاستی شەڕی خۆکوژی و کوردکوژی) وە نە ئاشتی و رێککەوتنی سیاسیی نێوانیشیاندا ناتوانن خزمەت بە خەڵکی کوردستان بکەن: تا ئێستا نە شەڕەکانی ئەم دوو هیزە وە نەش رێککەوتنەکانی ئەم دوو هێزە بە کەڵکی کورد نەهاتوون، چونکە لە هەردوو حاڵەتدا خەڵک بۆتە **بارمتە بەدەست ئەم دوو هێزەوە!**

٤) لە خوێندنەوەیەکی فراوان و گشتگیردا بۆ پانتایی سیاسیی باشوری کوردستان، بە ئاسانی دژایەتییکی زەق دەردەکەوێ: أ) لە لایەکەوە تا بڵێی رادەی بێزاری لە دەسەڵاتی کوردی گەیشتۆتە ئەوپەڕی، لە راستیدا بە هەموو پیوەرێک هەموو ئەو پێوانانەی تێپەڕاندووە کە لە ٢٨ ساڵی ئەو دەسەڵاتەدا لە ئاستە مەترسیدارەکانی تورەیی خەڵک و بێزاریاندا تۆمار کراون؛ ب) کەچی لە لایەکی ترەوە، بە تەقدیری خۆم، دەرفەتی **سازدانی هێزێکی سیاسی نوێ کە لە هەموو ئەوانی دیکە جیاواز بێت** و توانای تێپەڕکردنی پارتی و یەکێتی هەبێ و بتوانێ تەکانێکی "ئەرزهەژێن" بە دۆخەکە بدات، وەک بۆ نموونە ئەوەی لە سەرهەڵدانی گۆڕان لە ٢٠٠٩دا روویدا، **لە ئارادا نییە**، ئەمە لە حاڵەتێکدا ئەگەر بێت و

**ئەو هێزە نوێیە تەنها ئامراز و مێتودە ئەزموونکراوەکانی پێشووتر تاقیبکاتەوە و سەرلەنوێ ستراتیژی کاریسەئامێزی "دەست و پەنجە نەرمکردن" لەگەڵ پارتی و یەکێتی بگرێتە بەر!**
هەر ئێرەش دەرفەتە بڵێم کە دەکرێ ئەم بۆچوونە بە دڵی زۆر خەڵک نەبێت، بە تایبەتی ئەوانەی لە ئێستادا، بەڵکو دەمێکیشە، کار بۆ بەرهەمهێنانی **هێزێکی سیاسی نوێ** دەکەن، هێزگەلێک کە چاوەڕوانی ئەوەی لێبکرێ کە یەکێتی و پارتی و ئەزموونە شکستخواردووەکەیان تێپەڕ بکات! بەڵام راستیەکەی ئەوەیە کە ئەم بۆچوونە خوێندنەوەیەکە لەو پێدراو، فاکتەر و گۆڕاوانەی کە لە پانتایی کۆمەڵایەتی، سیاسی و سایکۆلۆژی کۆمەڵگەی باشوری کوردستان لە ئەمڕۆدا بەدیدەکرێن. . . خوێندنەوەیەکە لەو سێ کەرەسەی کە لە ئێستا لەبەر دەستن لە باشوری کوردستان، کە بوونی هەرسێکیشیان بە یەکەوە گرنگن بۆ دەستبردن بۆ پرۆژەی بەرپاکردنی هێزێکی سیاسی نوێ، ئەوانیش: ١) کەرەسەی کۆمەڵایەتی، وەک جەماوەر؛ ٢) کەرەسەی فیکریی؛ ٣) کەرەسەی دەستەبژێری پێویست بۆ بەرهەمهێنانی ئاراستە فیکرییە پێویستەکان و بۆ رێکخستن، جۆش و خرۆشدان و ئاراستەکردنی ئەو کەرەسە جەماوەرییە. . .
لە راستیدا کەمجار لە مێژووی هاوچەرخی کوردا تەنها لە ماوەی کەمتر لە دە ساڵ سێ هێزی سیاسی (واتە گۆڕان، هاوپەیمانی و نەوەی نوێ) دامەزرابن، کە هەر سێکیشیان بە ئامانجی چاکسازی، گۆڕانکاری و تێپەڕاندنی دۆخە چەقبەستووەکە خۆیان راگەیاندبێ، بەڵام هەرسێکیشیان لە ئێستادا گەیشتبنە ئەو باوەڕەی کە گۆرانکاری ریشەیی و گشتگیر، بە بەشداری و بە هاوبەشی لەگەڵ پارتی و یەکێتیدا تەنها وەهمێکە و بەس، تەنانەت مومکینیش نییە. ئەزموونەکانی پێشوو بە یەک ئاکامی گرنگ گەیشتوون، کە پێویستە زۆر شت لەو ئاکامە فێربین: هەموو ئەو هێزە "جوانانەی" کە لە دوو هێزە سیاسییە ناشیرینەکە (واتە پارتی و یەکێتی، بە تایبەتی پارتی) نزیکبوونەتەوە، دوایی خۆیان بە ناشیرینی لێی دەرچوون. ئەمەش ئاکامێکی "حەتمییە": کاتێک جوانێکی بێهێز لە ناشیرینێکی پڕهێز، دەوڵەمەند بە ئابووریی رەش و تاڵانکردنی وڵات و پڕ چەک و. . . هتد نزیک دەبێتەوە، ئەوا دواجار بەشی ئەو هێزە "جوانە" بچووکە بە ناشیرینی دەرچوونە لە یارییەکە! ئەگەر جاڕدانی **هێزێکی سیاسیی نوێ** تەنها ژمارەیەک بخاتە سەر ژمارەی ئەو هێزە "ماندوو و شەکەتانەی" کە لە ئێستادا لە پانتایی سیاسییدا هەن، ئەوا باشترە لە بنەڕەتدا ئەو ژمارەیە تاقینەکرێتەوە: **ژمارەیەکی دیکەی بێهێز** دەبێتە هۆی زیاتر پەرتکردنی بەرەی چاکسازیخواز و گۆڕانخواز، دەبێتە هۆی برینێکی دیکە لە دەروون و جەستەی ماندووی تاکی کورد وە

ئەم ژمارەیە بێهێزە دەبێتە هۆی "جوانکردنێکی" دیکەی رووی دزێوی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی، وە تەنانەت **لەدەستدانی ئەو ئومێدە کەمەشی کە تا ئێستا ماوە**. . .

دەرەنجامی أ) و ب): ئەگەرچی بێزاری و تورەیی لەو پەڕیدایە، بەڵام لە پانتایی کۆمەڵایەتی، سیاسی و سایکۆلۆژی باشوری کوردستان –هەر نەبێ لە ئێستادا- کەمترین مەرجی سەرخستنی **هێزێکی سیاسی "ئەرزهەژێن"** هەیە، هاوشێوەی ئەوەی کە لە دەرکەوتنی بزاڤی گۆڕاندا لە ٢٠٠٩دا روویدا: دەرونی تاکی کوردستانی نەک هەر بێزار و ماندووە، بەڵکو ئەو **تاکە ئەوپەڕی بێباوەڕ و بێمتمانەیە روو لە سیاسەتکردن، روو لە توێژ و دەستەبژێری سیاسیی، وە لە بژاردەی حزبایەتی بە گشتی**. ئێستا وای لێهاتووە ئەوە بڵێین کە تاکی کورد هەموو پەنجەکانی سووتاون لە ئەزموون دوای ئەزموون، وە لە ئاکامدا پەنجەیەکی نەسوتاوی نەماوە بۆ ئەوەی بشێت بۆ تاقیکردنەوە لە **هێزێکی نوێی سیاسیدا**. . .

## پڕۆژە و هەنگاوێک بۆ رێکخستنەوەی بەرەی گۆڕانخوازیی

لە کۆتایی ساڵی پار، لە ماوەی دوو یا سێ هەفتەدا، هەوڵێکمدا لە ئاراستەی تێگەیشتن لە کێشەکانی بزاڤی گۆڕان، بەڵام هەوڵێکی بە پەلە، سەرپێیی و سنووردار. لە ئاکامدا بۆم دەرکەوت کە هەوڵێکی جددی بە ئاراستەی چارەسەری ریشەیی بۆ کێشەکانی ئەو بزاڤە پێویستی بە کارێکی فراوان، گەورە و فرەڕەهەند هەیە. . . نزیکەی شەش مانگ دواتر، لە دوای ئەوەی کۆتاییهێنانی پشتگیری خۆم لە بزاڤی گۆڕان راگەیاندبوو، وە لە یادی سێ ساڵەی سەفەری بێ گەڕانەوەی رەوانشاد نەوشیروان مستەفادا (٢٠٢٠/٥/١٩)، لە پۆستێکمدا لە فەیسبووک[3] بیرۆکەیەکم خستە روو، کە هەر زوو بووە جێی سەرنج و گرنگیپێدان لە لایەن زۆرێک لە خەمخۆرانی بەرەی گۆڕانخوازیی. تەنانەت هەندێک لەو بەڕێزانەی کە کاردانەوەیان لەسەر بیرۆکەکە هەبوو خوازیاری ئەوە بوون کە هەرچی زووە پێویستە هەنگاوی، بە ئاراستەی جێبەجێکردنی بیرۆکەکە و خستنە بواری کرداریی بیرۆکەکە، بهاوێژرێت. . .

رۆحی بیرۆکەکە لە خەملاندن و فەراهەمکردنی دایەلۆگێکی بەرهەمهێن، لە چوارچێوەی مۆدێلی سێگۆشەیەکدا، خۆی دەبینییەوە: ١) بزاڤی گۆڕان؛ ٢) واریسانی رەوانشاد

---

[3] بۆ بینینی تەواوی پۆستەکە، تکایە بروانە ئەم پەیوەندییە:
https://www.facebook.com/photo?fbid=3032072693539846&set=a.875490675864736&notif_id=1601274603200070&notif_t=feedback_reaction_generic&ref=notif

نەوشیروان مستەفا؛ ٣) گۆڕانخوازانی "بەرەی ناڕازی." ئامانجی ئەم بیرۆکەیە ڕێکخستنەوە و "گیانبەبەرکردنەوەی" بەرەی گۆڕانخواز بوو، بە میتودی، یا لەسەر بنەمای، "ڕاستکردنەوەی ئاراستە" (وەک عەرەب دەڵێ – تصحیح مسار). . .

بە هەر حاڵ لە ئێستادا، دوای تێپەڕبوونی نزیکەی پێنج مانگ بەسەر خستنەڕووی ئەم بیرۆکەیە، دەتوانین تەنانەت باس لە پێکهاتەی چوارگۆشەیش بکەین. لە ئیستادا ژمارەیەکی زۆر لە گۆڕانخوازانی پێشوو خۆیان لە دەرەوەی ئەم سێگۆشەیە دەبیننەوە و بەشداری ئەوان لە هەر دایەلۆگ و خەملاندنی نەخشەڕێگای چارەسەر گرنگە، تەنانەت یەکلاکەرەوەشە. . .

هەروەک پێشتر وترا، بیرۆکەکە کاردانەوەی زۆر بوو وە یەکێک لەو بەڕێزانەی بە خەمخۆری و دڵسۆزیەوە هەنگاوی کرداریی یەکەمی هاویشت بە ئاراستەی بە ئامانجگەیاندنی ئەم بیرۆکەیە برای بەڕێز کاک ئاکۆ وەهبی بوو. لە کۆمەڵێک پەیوەندیدا (کە بەسەر مانگەکانی حەوت و هەشت و نۆی ئەم ساڵەدا دابەش دەبن) وە لە پێناو **گوێگرتن و زانینی رادەی دەرفەت بۆ خەملاندنی دایەلۆگ لە چوارچێوەی مۆدێلی ئەو سێگۆشەیەی کە لە سەرەوە باسکرا،** کاک ئاکۆ سەرکەوتوو بوو لە گەیشتن بە فیگەرە سەرەکییەکانی ئەو سێگۆشەیە، بەڵام ئەم دەستگەیشتنە هەر لە ئاستی دەستەبژێردا مایەوە. . .

بە هەر حاڵ، دوای تاوتوێکردنی دەرەنجامی دیدار و گفتوگۆکانی کاک ئاکۆ، دوو بژاردە لەبەردەم ئەم بیرۆکە/پرۆژەیەدا مایەوە: ١) جەولەیەکی دیکە لە گفتوگۆ، هەر لە چوارچێوەی سێ سەری سێگۆشەکەدا، واتە ئەم جارەشیان هەر لەگەڵ دەستەبژێر، بێ ئەوەی هەوڵی شۆڕکردنەوەی بیرۆکەکە بۆ ئاستی فراوان و جەماوەریی درابێت؛ یا ٢) کات کەمە و دەبێ بێ دواکەوتن پەیامەکە (واتە بیرۆکەکە) بۆ ئاستی هەرە فروان و جەماوەریی "شۆڕبکرێتەوە،" بەبێ ئەوەی بە زرورەت گفتوگۆ لەگەڵ دەستەبژێر کۆتایی هاتبێت. . . لە راستیدا ئەم نامەیە (تۆ بڵێ ئەم هاوارە) کۆکردنەوەی ئاراستەی ١) و ٢)وە: واتە ڕووی قسەی ئەم نامە و نووسراوە لە دەستەبژێر و چوارچێوە هەرە فراوانەکەیە، ڕووی قسەی لە تاک بە تاکی ئەو بەڕێزانەیە کە تەنانەت ڕۆژێک لە ڕۆژان بزووتنەوەی گۆڕان و جوانیەکانی ئەو بزاڤەیان بە شانازی خۆیان زانیوە.

واتە لەسەر ئەو باوەڕەی کە ١) کات لە بەردەمی هەمووواندا کەمە؛ ٢) مافێکی دیموکراتییانەی هەر بەڕێزێکە (کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئەو شانازیەدا عارەقەی ماندویی ڕشبێ، نانبڕاو کرابێ یا بە هەر جۆرێک باجێکی لەو پێناوەدا

دابێت) کە ئەمڕۆ قسەی لە چارەنووسی ئەم بزاڤەدا هەبێت، وە چ باشتر ئەگەر قسە و کردارەکە لە ئاراستەی بەرهەمهێنانی دایەلۆگێکی بەرهەمهێندا بێت؛ ٣) گۆڕانکاریی گەورە **بە هێزێکی پڕ تواناو و پڕ جەماوەر و بە ئیرادە** دەکرێ. کەواتە، پێویست بوو رووی قسەی ئەم بیرۆکەیە لە هەر هەمووان بێت، بەبێ لەبەرچاوگرتنی جێگە و پێگەی رەسمی یا نارەسمی هەر بەڕێزێک.

## پێویستە چی بکرێت؟

نووسەری ئەم دەقە بە هیچ شێوەیەک **هەوڵی ئەوە نادات مەرج بۆ ئەو یا ئەم دابنێت**، بەڵام لە هەمان کاتدا بە پێویستی دەزانێت ئاماژە بە هەندێک هێڵی گشتی بکات کە دواجار ئەم هێڵە گشتیانە دەتوانن ببن بە **ڕێگاخۆشکەر** لە پرۆسەی هەوڵ و خەبات بۆ دۆزینەوە و فۆرمولەکردنی **شارێگای چارەسەر**:

١) سەرەتا پێویستە بەڕێزان لە هەرسێ سەری سێگۆشەکە دان بەوەدا بنێن کە کارێکی گەورە، ئەرزهەژێن و شایستە و پڕ بە پێستی ئەم قۆناغە پێویستە، واتە زۆر زیاتر لەوەی کە هەیە! بۆ ئەوەش پێویستە جارێکی دیکە هێز و توانا دڵسۆزەکان، هەموو هزرێکی داهێن و چاکەخواز بە ئاراستەی نەخشەڕێگایەکی گشتگیر بخرێنە گەڕ؛

٢) بە ئاراستەی تاواندنەوەی ئەو بەستەڵەکەی کە دەمێکە دروست بووە، کە بێگوومان بەشێک لە ئەو بەستەڵەکەش کەڵەکەبووی زەمەنێکی درێژترن، تەنانەت بۆ ساڵانێکی زۆر پێش ئێستا و گرێکوێرەکانی شاخ دەگەڕێنەوە، پێویستە هەرسێ سەری سێگۆشە لە ڕێگای چەند ئاماژە و هەڵوێستی کردارییەوە، هەنگاوی "موناسیب" لەو ئاراستەیەدا بهاوێژن؛

٣) چیتر بەڕێزانی بەرپرس لە بزاڤی گۆڕاندا ناتوانن باری "لاری" بزاڤەکەیان بە نادیدە بگرن. بەندە گومانم نییە لەوەی کە ئەگەر بەرپرسانی گۆڕان بەم ریتم و شێوازەی ئێستا مامەڵە لە تەک کێشەکاندا بکەن، ئەوا بە دڵنیاییەوە **سبەینێی ئەم بزاڤە لە ئەمڕۆی باشتر نابێت!**:

أ. چیتر پێداچوونەوەی راستگۆیانە بە بڕیاری قەبوولکردنی دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن و بوون بە بەشێک لە دەسەڵات، دواخستن قەبوڵ ناکات؛

ب. پێویستە گۆڕان پێداچوونەوە بە ("**ماتماتیکی سیاسەت**")ی خۆیدا بکات بە پەیوەندی لەگەڵ بڕیاری چوونە ناو دەسەڵاتەوە. بزاڤی گۆڕان هەڵەیەکی کوشندە دەکات ئەگەر زیان و دەستکەوتەکانی خۆی لە رۆژی سوێندخواردنی کابینەکەی مەسرور بارزانیەوە (واتە لە

(٢٠١٩/٧/١٠)ەوە حسێب بکات. ماتماتیکی سیاسیی دروست ئەوەیە کە لە ١٨ی شوباتی ٢٠١٩، واتە لە رۆژی واژۆکردنی رێککەوتن لەگەڵ پارتی تا رۆژی سوێندخواردن، پارتی (با بە زمانێکی زۆر رووتیش بیلێم)، ژمارەیەکی زۆر گوڵی سیاسی کرد و کۆمەڵێک ئامانجی یەکلاکەرەوە و پشتشکێنی پێکا، وەک تێپەڕاندنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، تێپەڕاندنی هەمواری یاسای تیرۆر، دەست بەسەردا گرتنی پەرلەمان و چارەسەرکردنی ململانێی دەسەڵات لە نێوان دوو ئامۆزاکە (مەسرور و نێچیرڤان بارزانی) و زۆر گوڵ و ئامانجی دیکە. . . ئاخر ئەو دەردەی کە ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان پێیەوە دەتلێتەوە و، تەنانەت ئیفلیجیش بووە، ئاکامی دەست بەسەردا گرتنیەتی لە لایەن پارتی و "زۆر لە پێش رۆژی سوێندخواردنی کابینەکە دەست پێ دەکات": لە راستیدا هەر لە ١٨ی شوباتی ٢٠١٩ەوە، واتە هەر لە رۆژی واژۆکردنی رێککەوتنەکەوە، دەست پێ دەکات! هەر هەڵسەنگاندنێک پێ لەم ماتماتیکە سیاسییەی دوایی هەڵنەگرێ، واتە بۆ هەڵسەنگاندن لە ١٨ی شوباتەوە دەست پێ نەکات، ناڕاستگۆییێکی پشتشکێنە، بۆ بزاڤی گۆڕان و پانتایی سیاسی باشوری کوردستان و ئاکامی پشتشکێنی دەبێت. . . لە راستیدا جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە رۆژی سوێندخواردنی کابینەکە رۆژی دەسپێکردنی "حاڵ و حیسابە" نە راستگۆییە و نەش ئامانج دەپێکێ، بەو مانایەش بەشی ئەوە ناکات کە گۆڕانخوازانی دورکەوتوەوە، رازی بە چارەسەرێکی گونجاو بکات. . .

هەڵبەتە راستە کە گۆڕان لە سەرەتا هەوڵی ئەوەیدا کە جێگری سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی حکومەتی بەر بکەوێ، بەڵام دواجار ئاکام گرنگە، ئەویش ئەو راستیە تاڵەیە کە پارتی دەستی بەسەر سەرۆکایەتیی پەرلەماندا گرت (بە مانای ٢ بەرامبەر بە ١ بۆ یەکێتی) و گۆڕانتیش لە دەرەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمان مایەوە؛

ج. پێویستە بزاڤی گۆڕان هەڵوێستی فراکسیۆنەکەیان لە بەغدا و هەڵوێستی بەشێک لە پەرلەمانتارانی لە کوردستان وەک ئامراز و دەرفەتێک بۆ چارەسەری گشتگیر تەماشا بکات **نەک پێچەوانەکەی**، وەک کرانەوەی دەروازەیەک بۆ چارەسەر نەک پێچەوانەکەی! بە واتایەکی دیکە پێویستە ئەم هەڵوێستانە، لە بری ئەوەی ببن بە سەرچاوەی پەرتەوازەیی و پەرتبوونی زیاتری ریزەکانی گۆڕان، ببن بە هەوێن و پردی پەڕینەوەی دڵسۆزانەی بزاڤەکە بۆ دەرەوەی خۆی، یا بە ئاشکراتر ئەم هەڵوێستانە ببن بە هۆ و پلاتفۆرمی ئاشتبونەوە لەگەڵ دەرەوەی خۆی، واتە هاوڕێیانی "دڵشکاو، ناڕازی و دوورکەوتووەوە"؛

٤) چیتر بۆ کوڕانی رەوانشاد نەوشیروان مستەفا ناچێتە سەر کە هەموو ئەو دەنگانەی لە بەرامبەریان بەرز بۆتەوە، بە نادیدە بگرن و "دەنگی نەشاز"یان بزانن:

أ. پێویستە ئەوان باش بزانن کە لە ئەمڕۆدا کاک نەوشیروان خەریکە لە شاخێکی پڕ لە بەخشش، مەتین، جێگیر، داهێنان، پڕ لە جوانی و شاخێک لە مێژوو دەکرێ بە شاخێکی بەفرین کە ڕۆژانە بە پێش چاوی گۆڕانخوازان و خۆشیانەوە دەتاوێتەوە. . . پێویستە واریسانی کاک نەوشیروان ئەوە بزانن کە ڕاگرتنی ئەم پڕۆسەی تاوانەوەی باوکیان کارێکی هەروا ئاسان نییە. وەستاندنی ئەم پڕۆسەیە پێویستی بە هەندێ هەنگاوی گەورە و بوێر هەیە کە تیایاندا ئەوان دەتوانن ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان هەبێت؛

ب. بەس نییە واریسانی کاک نەوشیروان بڵێن ئێمە چاومان لە پلە و پۆست نییە: بۆ ڕاگرتنی ئەو پڕۆسەیەی کە پێشتر ئاماژەی پێدرا، واتە پڕۆسەی تاوانەوەیەکی "موحەقەق"، تا ئەو جێگایەی شێوازی بەشێک لە هەڵسوکەوتی ئەوان جێگەی ڕەخنە و تێبینی جیددی بێت، ئەوا دەبێ پێش هەر کەس و لایەنێک خۆیان بە بەرپرس ببینن لە دۆزینەوەی چارەسەرێک.

بۆ ساتێک بیربکەرەوە: سبەینێ کوڕەکانی نەوشیروان ڕایبگەیێنن کە ئەوان وەک هەر کوڕە هەژارێکی ئەم وڵاتە، وەک هەر گەنجێکی دیکەی ئەم وڵاتە کە ئاڵا نیلییەکەی بە شانازییەوە بەرز کردۆتەوە، بێن و بڵێن ئێمە بڕیارمان وایە وەک "سەربازی" بزاڤی گۆڕان دەست بەکار بین، تۆ بڵێی لە مەکۆی سلێمانییەوە دەست پێ دەکەین. ئەمە باشترین وەڵام و کاردانەوەیە بەرامبەر بە هەوڵ و پیلانە مەترسیدارەکانی "دێواندنی" نەوشیروان مستەفا، کە لە ئەمڕۆدا بە توندی لەسەر پێن!؛

ج. ئێستاش دەرفەت ماوە کە هەر سێ سەری سێگۆشەکە لە ژێر دروشمی "**کاک نەوشیروان چەتری هەمووان**" کۆببنەوە، نەک هەر ئەوە بەڵکو من باوەڕم وایە دەکرێ، لە کات و حاڵەتی لەبار و بە دروستی هەڵسوکەوت کردن، لە ژێر ئەو چەترەدا جێگایەکی زۆریش بمێنێتەوە بۆ ئەوەی نەک هەر ئەم سێگۆشەیە بەڵکو تەنانەت جەماوەرێکی زیاتریش لە ژێریا کۆ ببێتەوە؛

د. ئەو هەڕەشەیەی لەسەر سەروەرییەکانی ڕەوانشاد نەوشیروان هەیە بە وتار، تەنانەت نووسینی چەند کتێبیش چارەسەر ناکرێ: چارەسەر ڕێکخستنەوەی سێ سەری سێگۆشەکەیە لە پەیوەندییەکی تەندروست و بەرهەمهێندا. ئەم پڕۆژەیە پێش هەر کەس و لایەنێک دەبێ پڕۆژەی واریسانی نەوشیروان مستەفا بێت؛

ر. دەکرێ جێماو و پاشماوە مادییەکانی دوای ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا بکرێن بە شێوازێک لە وەقف (fund)یک بە پێی یاسا و ڕێساکان، وە وەقفەکەش **هەر بە ناوی نەوشیروان مستەفاوە بێت**. لەسەر ئەو ڕاستیەی کە لە دیمۆکراتییە هەرە

پێشکەوتووەکانیشدا حزبە سیاسییەکان خاوەنی جۆرەها وەقف، سەرمایەی وەبەرهێنن، بەڵام هەمووی لە چوارچێوەی یاسا و ڕێسا کارپێکراوەکاندا. . .؛

٥) لەوە ناچێت چیتر بەڕێزان کاک قادر حاجی عەلی و کاک عوسمانی حاجی مەحمود و هاوڕێکانیان بەرگەی ئەو هەموو فشار و چاوەڕوانییە بگرن کە لەسەریانە و ئەو هەموو بەرپرسیارەتییەی کە لە دیدی "فەزای گشتییەوە" کەوتۆتە سەریان. گرنگیشە ئەوە بزانرێت کە **چاوەڕوانی** وەک حاڵەتێک لە هاوکێشەی سیاسیدا دەکرێ دوو خەسڵەتی تەواو دژ بە یەکتریی هەبێت: چاوەڕوانی دەکرێ ببێ بە کەرەسە و ئامرازی هێز و. . . هتد، بەڵام لەولاشەوە، واتە بە پێچەوانەشەوە زۆر جار چاوەڕوانیی زۆر دەبێتە هۆ بۆ داتەپینی سیاسی "لە ژێر باری قورسی چاوەڕوانیدا". . . دەکرێ نزیکبوونەوە لە هەڵبژاردنەکانی عێراق نەک هەر ئەو فشارە زیاتر بکات، بەڵکو فشارەکە لە ڕێگای دەستبردن بۆ سەرپێخستنی لیست و دواتر هێزێکی سیاسی نوێدا "بتەقێتەوە." دەکرێ لە دۆخی ئێستای دەروونیی ململانێی پانتایی سیاسییدا، فیگەری سیاسی، تەنانەت دژ بە خواستی کەسیی خۆیشی، بەڵام لە ژێر فشار و پاڵەپەستۆی جەماوەریدا، یا پاڵەپەستۆ لە شێوازی دیکەدا، دەست بۆ بژاردەی "نەخوازراویش" ببات:

أ. هەر وەک پێشتر نووسیومە و وتوومە دەستبردن بۆ سازدانی هێزێکی سیاسیی نوێ، کە جێگای چاوەڕوانی بێت و یەکێتی و پارتی تێپەڕ بکات، کارێکی، هەر نەبێ لە ئێستادا، نزیکترە لە نامومکین تا پێچەوانەکەی. بۆ ئافراندنی هێزێکی پڕ توانا و ئەڕزەهەژێن، کە بتوانێ تەکانێکی ریشەیی بەو بارودۆخەی باشوری کوردستان بدات، پێویستیی بە سێ کۆگای پڕە: ١) کۆگای جەماوەر؛ ٢) کۆگای دەستەبژێر: ٣) کۆگای فیکر و پرۆژە هزری و سیاسییەکان. . . دوای سێ ئەزموون (تەنانەت زۆر زیاتریش ئەگەر ناوی ئەو هێزە سیاسیانەش حسێب بکەین کە زۆر ناویان نایەت) لەو بەشەی کوردستان، لە ماوەی کەمتر لە دە ساڵدا، ئەم ئیمکانە نابینرێ و نیشە. واتە ئەگەر ئەم کۆگایانە خاڵیش نەکرابن، ئەوا ناوەڕۆکەکەیان ماندو و شەکەتە، بە دەست ئەم هەموو دەست بۆ بردنەوەی کە لە کەمتر لە دە ساڵی رابردوودا روویدا، کە زۆرێکیش لەو دەستبردنانە زۆر بە سەقەتی کران!؛

ب. ئێوە (واتە کاک قادر و کاک عوسمان و هاوڕێکانیان) بەر لەو هاوڕێیانەتان کە ئەمڕۆ لە "گردەکەن" خاوەنی شانازی سەرپێخستنی بزاڤی گۆڕانن: ئێوە ماندو بوون، باجتان داوە و تەنانەت رۆژانێک هەبووە کە ژیانیشتان لە مەترسی جددی دابووە لە پێناو سەرخستنی بزاڤی گۆران. جێهێشتنی ئەم هەموو شانازیە و لە "سفرەوە" دەست پێ

کردنەوە پێویستی بە زۆر شتە. . . کەمێک دەرفەت ماوە، بەڵام کەم، بۆ پێداچوونەوەیەکی سەرلەنوێ؛

ج. ئێوە ئێستاش، بە پشتگیریی جەماوەرێکی دڵسۆز و لەخۆبوردو، دەتوانن رۆڵی یەکلاکەرەوە لە رێکخستنەوەی "بەرەی گۆڕانخوازیدا" بگێڕن. . . هەندێک جاریش بەشی هەرە زۆری چارەسەر لە دەرەوەی خود (زات)دا بەدی ناکرێت، بەڵکو لە قوڵایی خوددا، ساغبوونەوە لەگەڵ خۆ لەو قوڵاییەدا، راستگۆیی لەگەڵ خۆ لەو قوڵاییەدا: مرۆڤ زۆر جار لە ناخی خۆیدا دەبێ بە دوو دانە خود، یەکێکیان دەخوازێ بە دەستەڕاستدا پێهەڵگرێ بەڵام ئەوەی دیکەیان تەواو بە پێچەوانەوە، واتە بە دەستە چەپ. لەم کێشمەکێشەدا یەکلابوونەوەی خود (لە قوڵایی خودەکەدا) نیوەی چارەسەرە، تەنانەت هەندێک جار ٧٠ یا ٧٥%ی چارەسەریشە. . . با بۆ ساتێک ئەو هەموو بوێریەی سەرۆکی پێشتری میسر (محەمەد ئەنوەر ئەلسادات) بێنینە پێش چاوی خۆمان، دوای ئەم هەموو جەنگ و خوێنڕێژیە، لە ١٩٧٧دا لە پێش کنێست (پەرلەمان)ی ئیسرائیلی دەوەستێ و وتار بۆ ئاشتی دەدات، دەست بۆ ئاشتی درێژ دەکات. بێگومان سەرەتای هەرە سەرەتا لەم هەنگاوەدا یەکلاکردنەوەی خودی ئاشتیخواز بوو بەرامبەر بە خودی دوێنێ ساداتی جەنگخواز، لە ناخی خودی هەمان ئەنوەر ئەلساداتدا. . . دەکرێ بەڕێزێک بڵێت ئەم نموونەیە دور رۆیشتنە و لە نێوان تیمەکەی دوێنێی گۆڕان و فرە ئاراستەییەکەی ئەمڕۆی بزاڤەکەدا هیچ جەنگ و خوێنڕێژییێک نەبووە و . . . هتد. زۆر راستە وایە، کەواتە ئەگەر کارەکە لە چوارچێوەی ئەم سێگۆشەیەدا ئاسانترە و هیچ خوێنڕێژییێک نەبووە، بۆ ناکرێ، چی رێگری راستەقینەیە و. . . هتد، جارێکی دیکە ئەم تیمەی دوێنێ شان بە شان و دەست لە دەست هەوڵی دڵسۆزانەی بە کۆمەڵی تیمارکردنی "برینەکان" بدەن و پرۆسەیەکی بەرهەمهێنی "گیانبەبەرکردنەوە" و "راستکردنەوەی ئاراستە" بکەن بە **بەرە هەرە فراوانەکەی گۆڕانخوازیدا!**

د. بەردەوامیی ئەم پەرتەوازییەی توانا و وزەی گۆڕانخوازەکان، رۆڵێکی نێگەتیڤ دەبینێ لە پەرتکردنی هێزی "خێرخواز،" ئەمەش خزمەتێکی زۆر بە مافیا، وڵاتفرۆش، قەچاغچی و . . . هتد، دەکات. **قۆناغەکە پێویستی بە بڕیاری گەورە، بوێر و لەخۆبردوو هەیە؛ پێویستی بە بڕیاری گەورەی مێژووکرد هەیە؛**

## دەرەنجام

لە کۆتاییدا دەکرێ تێگەیشتنێکی هاوبەش لەسەر هەندێک خاڵ هەبێت، کە دواجار مەوداکان لە نێوان هاوڕێکانی دوێنێ کەمتر دەکاتەوە و دەروازەکان بە ئاراستەی (عەرەب وتەنی حەلحەلە)ی شتەکان دەکاتەوە:

١) هەر لایەنێک لە چاوەڕوانیەکانیدا بەرامبەر ئەوانی دیکە چاوی لەوە بێت کە دەبێت بەردەوام سەد لە سەدی دەستکەوت لە (دان و ستاندا) هی ئەو بێت، ئەوا ئەو لایەنە بەو دیدەی خۆی دواجار دەبێتە رێگر لە رێگای دایەلۆگێکی داهێنەر و بەرهەمهێن؛

٢) کاتێک هەر لایەنێکی ئەم سێ سەری سێگۆشەیە شتێک لە پرۆسەی دایەلۆگدا دەدات یا دەبەخشێت (با نەڵێین تەنازولێک لە هەڵوێستەکانیدا دەکات) ئەوا مانای وا نییە ئەو دۆڕاوە: دوا جار ئەوەی دەیدات ئەوا لە پێناوی چاکەی گشتییدایە، لە پێناوی خەڵکدایە و ئەگەر پرۆسەی توکمەکردنەوە و بەهێزکردنی بەرەی گۆڕانخواز سەرکەوت ئەوا **چاکەی گشتی سەرکەوت**. بە واتای دیکە، لە پرۆژەیەکی سەرکەوتوو لە رێکخستنەوەیەکی بەرهەمدار و گشتگیری بەرەی گۆڕانخوازاندا براوەی یەکەم جەماوەری خەڵکی کوردستانە: بەرەیەکی ئەوها پتەو لە توانایدایە باوەڕ و متمانە نەک بۆ دەیان هەزار، بەڵکو بۆ سەدان هەزار، کەس بگێڕێتەوە. . . ئەمە نەک هەر دەسکەوتێکی کورتخایەنە بۆ "**نەوەی ئەمڕۆ**" بەڵکو بەشی شێری ئەم دەسکەوتە بەر **سبەینێ و نەوەی داهاتو** دەکەوێ: لە پرۆژەی سیاسیی گەورە، گشتگیر و سەرکەوتوودا مرۆڤ رابردوو لە پێناو ئەمڕۆدا دەپارێزێ، وە لە پێناو سبەینێشدا، رابردوو و ئەمڕۆ دەپارێزێ؛

٣) لە مێژووی گەلان و هێزە سیاسییەکاندا سەرکەوتن لە بەرهەمهێنانی **چەتر بۆ نەتەوە**، بۆ رەوت وە یا **هێزێکی سیاسی** کارێکی هەروا ئاسان نییە، بە شەو و رۆژێکیش ناکرێ، تەنانەت زۆر جار پێویستیت بە دەهان ساڵی ماندووبوونە بۆ بەرهەمهێنانی چەترێک لە پرۆژەیەکی سیاسیدا، جا ئەو پرۆژەیە دەوڵەتسازی بێت، نەتەوەسازی بێت یا کۆمەڵسازی. . . کاتێکیش ئەو چەترە بەرهەم دێت کەسەکان بە ئاسانی دەستبەرداری نابن: ئێستاش نەوشەروان مستەفا دەتوانێ ئەو چەترە بێت بۆ بەرەی گۆڕانخواز، بە مەرجێک کێشەکان چارەسەرکرابن، بە تایبەتی ئەو کێشانەی کە رۆڵی نێگەتیڤیان هەیە لە وێناکردنی نەرێنی (نێگەتیڤ)ی، یا تەنانەت "دێواندنی"، کەسایەتی نەوشیروان مستەفادا. دروشمی "**نەوشیروان، چەتری هەمووان**" دەتوانێ ئەو هێزە مۆڕاڵی و مەعنەویەی بە بەرەوە بێت کە بگونجێ بۆ کۆکردنەوە و رێکخستنەوەیەکی سەر لە نوێی بەرەی گۆڕانخوازی و چاکسازیخوازی؛

٤) دەکرێ گەمەی دامەزراندنی هێزێکی نوێی کەم تواناتر لەوەی کە پێویستە، ببێتە هۆیەکی دیکە بۆ جوانکردنی دەسەڵاتی دزێوی پارتی و یەکێتی وە کوشتنی ئەو ئومێدە کەمەشی کە تا ئێستا بە پرۆسەی گۆڕانکاری لای خەڵک ماوە. ئەمە گەمەیەکی مەترسیدارە، بەر لە دەست بردن بۆ بژاردەی راگەیاندنی هێزێکی نوێ، هەوڵ بۆ پیادەکردنی ئەم پرۆژەیەی رێکخستنەوەی بەرەی گۆڕانخوازان شایستەی ئەزموونکردنە.

## تێبینی:

١) ئەو بەڕێزانەی ئەم نامە و نوسراوەیان بەدەست دەگات سەرپشکن کە بیدەن بە هاوڕێکانیان، بە مەرجێک ئەو کەسەی نامەکەی پێ دەدرێت لە چوارچێوەی ئەو بەڕێزانە بێت کە نامە و نووسراوەکەیان ئاراستە کراوە، کە دیارە ئاراستەکە توێژێکی یەکجار فراوان دەگرێتەوە؛
٢) پێویست ناکات ئەم نووسراوە وەک بەڵگەنامەیەکی "نهێنی" مامەڵەی لەتەکدا بکرێت.

بە ڕێز و سڵاوی دووبارەم

براتان بە حورمەتێکی زۆرەوە،
بورهان أ. یاسین
٢٠٢٠/١٠/٧